مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية (20) العدد الثاني - الجزء الاول - ايلول 2025

Kirkuk University Journal of Humanities Studies

مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

https://kujhs.uokirkuk.edu.iq

*DOI: 10.32894/1992-1179.2025.157481.1144*

**Date of research received 13/02/2025, Revise date 08/04/2025 and accepted date 27/05/2025**

# Language acquisition and learning in children in the Sulaymaniyah and Hawrami dialects

**Salm Hassan Aziz**

**Prof. Dr. Baker Omer Ali**

**Abstract**

Each aspect of language holds unique importance and value, particularly in the study of dialects and their comparison. This research focuses on language acquisition and learning among children in the Sulaymaniyah and Hawrami dialects—an area that has received minimal attention in linguistic literature, especially with regard to the Hawrami dialect.

Given the significance of language development in early childhood, the study aims to demonstrate how children acquire their mother tongue through various developmental stages. It also explores the similarities and differences between the two dialects, while presenting key strategies and processes involved in language learning.

The research adopts a descriptive-analytical synchronic approach and is structured into an introduction and two main sections. The first section discusses the concept of pronunciation and its stages: the pre-linguistic stage (crying, screaming, and babbling), and the linguistic stage (imitation, repetition, and word formation). Examples from both dialects are used to illustrate each stage.

The second section focuses on language teaching strategies, outlining methods and techniques used in the process of language acquisition and development.

**Keywords:** pronunciation, learning, teaching, language learning, dialect.



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

# اكتساب اللغة وتعلمها عند الطفل في لهجة السليمانية والهورامية

م . سالم حسن عەزیز [1]
ا. د. بەكر عمر على [2]

**الملخص**

يجب البحث عن جميع جوانب اللغة، لكل جانب أهميته وقيمته، خاصة في مجال اللهجات والمقارنة بينها، لذلك خُصص هذا البحث للحديث عن (اكتساب اللغة وتعلمها عند الطفل في لهجة السليمانية والهورامية)، حيث لم يكتب عنه ولم يخصص له بحث يذكر، وما أجري في هذا المجال شيء قليل في الكتب، وخاص بلهجة السليمانية. نظرا لأهمية تعلم اللغة عند الطفل؛ فقد حاولنا أن نبين كيفية تعلم اللغة الأم ونشأتها وفق المراحل، وكذلك تحدثنا عن نقاط التشابه والاختلاف بين اللهجتين، مع بيان كيفية تعلم اللغة واستراتيجيته.

اعتمد البحث في خطوطه العريضة على المنهج الوصفي التحليلي التزامني، واقتضت طبيعته تقسيمه إلى مقدمة ومبحثين. يتناول المبحث الأول تعريف النطق ومراحله التي تتضمن مرحلة ما قبل اللغة، ومرحلة اللغة. مرحلة ما قبل اللغة عبارة عن البكاء والصراخ والمناغاة، أما مرحلة اللغة فعبارة عن التقليد والتكرار والتعلم للكلمات والعبارات والجمل، وهي مرحلة نطق كلمة أو كلمتين وأكثر. تحدثنا عن هذه المراحل مع التمثل في كلتا اللهجتين.

في المبحث الثاني، نتحدث عن كيفية تعليم اللغة ونبين استراتيجيات تعلمها.

**الكلمات المفتاحية:** اكتساب، التعلم، التعليم، تعلم اللغة، اللهجة.

## ناونيشانی توێژینەوە (زمانپژان و زمانوەرگرتن لای منداڵ لە شێوەزاری سلێمانی و هەورامیدا)

(توێژینەوەیەکی: هەڵهێنجراوە)

م . سالم حەسەن عەزیز
پ. د. بەکر عومەر علی

[1] جامعة حلبجة. كلية تربية شارزور، قسم اللغة الكردية salm.aziz@uoh.edu.iq
[2] جامعة السلمانية. كلية اللغات، قسم اللغة الكردية bakir.ali@univsul.edu.iq

هەموو بوارەکانی زمان دەبێت لێیان بکۆڵرێتەوە، هەر بوارێک نرخ و بەهای خۆی هەیە، بەتایبەت لەبواری دیالۆکتۆلۆژیدا بەراوردکردن لەنێوان شێوەزارەکاندا، بۆیە ئەم باسە بۆ (زمانپژان وزمانوەرگرتن لای منداڵ لە شێوەزاری سلێمانی و هەورامیدا)، تەرخانکراوە، پڕۆسەی زمان وەرگرتن بە لای زمانەوانەکانەوە بابەتێکی گرنگی زانستی زمانە، بەهۆی ئەوەی کارێکی تایبەتی لەبارەوە نەکراوە، ئەوەی کراوە لە کتێبەزمانەوانییەکاندا کورتە تەنها بەشێوەی سلێمانی کراوە، لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵ دراوە، چۆنیەتی فێربوون و گەشەکردنی زمانی زگماک بەپێی قوناغەکان بخرێتەڕوو، باسی خاڵی هاوبەش و جیاوازی لەنێوان هەردوو شێوەزارەکەدا، لەگەڵ چۆنیەتی وەرگرتنی زمان، ستراتیژی فێربوونی زمان کراوە.

هێڵە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە سوودوەرگرتن لە میتۆد و توێژینەوەی شیکەرەوەی پەسنکەرانەی سینکرۆنی و بەراورکردنە. هێنانەدی ئامانجەکانیش وایخواستووە جگە لە پێشەکی، کە سەرەتایەکە بۆ چوونە باسەکەوە، بە پێی پلانێک بۆ دوو بەش دابەشبکرێت، بە جۆرێک:

لە بەشی یەکەمدا:ناساندنی زمانپژان و قوناغەکانی زمانپژان، کە قوناغی پێش زمانی و قوناغی زمانی دەگرێتەوە، پێش زمانی گریان و قیژەوگروگاڵ دەگرێتەوە، قوناغی زمانیش لاسایکردنەوەو دووبارەکردنەوەو فێربوونی وشەو دەربڕاو ڕستە لەخۆدەگرێت، ئەویش قوناغی دەربڕینی یەک وشە و دوو وشە، بەرەوژوور دەگرێتەوە، باسی هەریەکە لەو قۆناغانەکراوە لەگەڵ هێنانەوەی نموونە بۆ هەردوو شێوەزارەکە.

بەشی دووەم، باسمان لە خستنەڕووی چۆنیەتی فێرکردنی زمان ، لەگەڵ باسکردنی ستراتیژی فێربوون زمان کردووە.

کلیلە وشە : زمانپژان، فێربوون، زمانوەرگرتن، فێرکردن، شێوەزار

## پێشەکی

مرۆڤ لە قوناغەکانی زمانپژانەوە فێری یەکەم زمان دەبێت، زمانپژان بریتییە لە پەرەپێدان و گەشەکردنی ئەو توانستە شاراوەی کە لە مێشکی مرۆڤدایە، چۆمسکی یەکەم کەس بووە باسی دەزگای زمانوەرگرتنی (L.D.A) کردووە. پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان گەشەی ئەندامانی ئاخاوتن و قوناغەکانی زمانوەرگرتنی منداڵدا هەیە، وەرگرتن و فێربوونی زمان تایبەتە بە مرۆڤ. فێربوونی زمان بەهۆش و ئاستی زیرەکی منداڵەوە نەبەستراوەتەوە، زۆر منداڵ هەن کە لەو بوارانەدا بێبەشن، کەچی

زمانی دایکیان بە جوانی وەردەگرن. بۆیە ئەم باسە بۆ "زمانپژان و زمانوەرگرتن لای منداڵ لە شێوەزاری سلێمانی و هەورامیدا" تایبەتکراوە، کە کاری لەبارەی ناساندن و چۆنیەتی و بنەماکانی دەرکەوتنی زمانپژان و قوناغەکانی زمانوەرگرتن لە هەردوو شێوەزارەکەدا کردووە، هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی خاڵی هاوبەش و جیاواز لە وەرگرتنی زمان لەو دوو شێوەزارەدا.

١/٠ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە

زمانپژان و زمانوەرگرتن لە شێوەزاری سلێمانی و هەورامیدا، یەکێکە لە ئەو بابەتە گرنگانەی، کە لە توێژینەوەی ئێستای زمانەوانیدا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بەڵام وەک زۆر بابەتی دیکە ئەم بابەتەش وەک بەراوردکردن لای لێنەکراوەتەوە و دەستی بۆ نەبراوە. ئەوەی هەیە لێرەو و لە ئەویَ و لە چوارچێوەی کاری دیکەدایە، نەک بەرهەمێکی سەربەخۆ. بۆیە پێویستە ئەو کەلێنە پڕبکرێتەوە، هۆکارێکی دیکەیی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ ئەو پێویستییە هەنووکەییە دەگەڕێتەوە، کە بۆ تەواوکردنی بابەتەکانی زمانەوانیی کوردی پێویستە.

٢/٠ گرنگیی و ئامانجی توێژینەوەکە

ئەم باسە هەوڵێکە بە بێگومان لە کەموکوڕی بەدوورنابێت، بەڵام ئەگەر هەڵەشی تێدابێت یاخود بە دڵی توێژەران و نووسەرانی دیکە نەبێت، ئەوا هەوڵی دیکە بەرەو توێژینەوە و کاری دیکە دەهێنێتەکایەوە. ئەگەر ڕاستیش بێت ئەوا باشتر تاریکاییەک لە بواری زمانەوانیی کوردی ڕووناک دەکاتەوە. هەرچی چۆنێک بێت پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بدرێت، ئەویش وەک ئەوەی بزانرێت بە شێوەیەکی وەها باس لە وردەکارییەکانی" زمانپژان و زمانوەرگرتن لای منداڵ"بە ناساندن و چۆنیەتی و بنەماکانی بەکارهێنانیان لە شێوەزاری سلێمانی و هەورامیدا نەکرابێت. ئامانج لەزمانپژان ئەوەیە منداڵ ببێتە قسەکەرێک لە کۆمەڵگادا بە بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەردا.

٣/٠ ئامانجی توێژینەوەکە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ناساندن و شیکردنەوەی زانستییانەی زمانپژان و زمانوەرگرتنە و چۆنیەتی دەرکەوتنیان لە فۆنۆلۆژی و ستراکچەری مۆرفۆلۆژی ئەو شێوەزارانەدا، لەگەڵ ئەو واتا و مەبەستە دیاریکراوەی هەریەکەیان دەیگەیەنن. لەگەڵ دیاریکردنی قوناغەکانی زمانپژاندن لە هەدوو شێوەزاردا.

٤/١ کەرەستەی توێژینەوەکە

کەرەستە و نموونەکانی ئەم توێژینەوەیە، هەموو ئەو فۆرمانەن، کە بەسەر زاری منداڵەوەن. زیادتریش ئەو کەرەستانە لە ئاخاوتنی منداڵانی هەردوو شێوەزاری (سلێمانی و هەورامی)یەوە وەرگیراون، لەگەڵ سەرچاوە بەکارهاتووەکانی نێو توێژینەوەکە.

٥/١ میتۆدی توێژینەوەکە

لە ئەم کارەدا بۆ توێژینەوەی "زمانپژان و زمانوەرگرتن لای منداڵ لە شێوەزاری سلێمانی و هەورامیدا" و هێنانەدی ئەنجامە دیاریکراوەکان ڕێبازی شیکەرەوەی پەسنکەرانەی سینکرۆنی و بەراوردکاری پێڕەوکراون. دوای کۆکردنەوەی داتا بە شێوەیەکی بابەتییانە هەوڵدراوە یەکە یەکەی بابەتەکان بە جیا لە ڕووی چەندیەتی و چۆنیەتییەوە ڕوونبکرێنەوە. دواتریش بە پێی پێویستی ئەو بابەتانە، نموونەیان بۆ هێنراوەتەوە.

٦/١ ستراکچەری توێژینەوەکە

توێژینەوەکە جگە لە ئەم پێشەکییە، لە پوختە و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە دوو بەش پێکهاتووە، بە ئەم شێوەیە:

## 1) زمانپژان و چییەتی فێربوونی زمان:

مرۆڤ لە قوناغەکانی زمانپژانەوە فێری یەکەم زمان دەبێت. (چۆمسکی (١٩٦٠) یەکەم کەسبوو باسی دەزگای زمانوەرگرتنی (L. A.D) کردووە و مۆدولەکانی خستوەتەڕوو، کە بە تیۆری لاد ئاماژەی پێدەکرێت. کردەیەکی خۆڕسکەو هەڵسوڕێنەری کردەی زمانپژانە، بە هەموویاساو ڕێساو دەستورەکانییەوە و هەر لە تەمەنی کۆرپەلەیدا دەکەوێتە کار.) (حسێن، شیلان عومەر: وانەی زانستی زمانی کارەکی- وانەی دکتۆرای زمان: (٢٠٢٣-٢٠٢٤)، زمانپژان بریتیە لە گەشەکردنی توانستی مێشکی مرۆڤ. یان "زمانپژاندن قوناغی (پێش زمانیی)یە، کە منداڵ لە قوناغەسەرەتایەکانی ژیانیدا بەکاریدەهێنێت، بۆ دەربڕینی گریان، دواتر بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی بە ڕێگای گریانەوە لە ژینگەی دەوروبەری بە تایبەت باوانی (دایک) کەرەستەزمانییەکان وەردەگرێت و زمانی بە زمانی یەکەم دەپژێت." (فەرەج، شاخەوان جلال- مەحمود، ئاڤێستا کەمال : ٢٠١٣: ٨٢)، واتا منداڵ بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی بە گریان لەو ژینگەیەی تیایەتی بە تایبەتی دایکی کەرەسە زمانییەکان وەردەگرێت، تیۆری زگماکیی (Nativist Theory)، کە بە شێوەیەکی بەرچاو پەیوەندی بە نوام چۆمسکیەوە هەیە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە

منداڵان بە توانایەکی سروشتی بۆ فێربوونی زمان لەدایک دەبن. ئەم تیۆرییە لەسەر چەمکی "Universal Grammar" (UG) دامەزراوە، کە پێشنیاری ئەوە دەکات کە مێشکی مرۆڤ پێشوەختە بە کۆمەڵێک بنەمای ڕێزمانی هاوبەش بۆ هەموو زمانەکان سیستەمکراوە. بەپێی ئەم بۆچوونە، منداڵان خاوەنی توانایەکی زگماکین بۆ ناسینەوە و جێبەجێکردنی ئەم یاسا ڕێزمانییە گشتگیرانە، ئەمەش وایان لێدەکات بە خێرایی و کارا فێری زمانە تایبەتەکان ببن.

هەروەها گریمانەی زگماکی چۆمسکی دەڵێت: "فێربوون و وەرگرتنی زمان تەنیا وابەستەی زانیاری ژینگەیی نییە، بەڵکو وابەستەی خواستی بۆماوەییشە، ئەم گریمانەیە لەلایەن ئەو تێبینییەوە پشتگیری دەکرێت، کە منداڵان لە سەرانسەری ژینگە زمانەوانییە جۆراوجۆرەکاندا زمان لە قۆناغە هاوشێوەکاندا فێردەبن. ئەمەش پرۆسەیەکی بنەڕەتی گشتگیر پێشنیار دەکات. تیۆرییەکە زیاتر بە چەمکی "poverty of the stimulus " بەهێزتر دەکرێت، کە پێی وایە ئەو زانیارییە زمانەوانییەی، کە لەبەردەستی منداڵاندایە زۆرجار بەس نییە بۆ تێگەشت

ن بۆ ئاڵۆزی ئەو زمانەی کە فێری دەبن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە توانای فێربوونی زمان بەستراوەتەوە بە مێشکەوە". (Chomsky: 2006:6)، هەروەها (لایەنگرانی تیۆری بایلۆژی و گەشەی جەستەیی لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوەکانیاندا توانییان چەند ڕاستییەک وەک بنەما سەبارەت بە وەرگرتنی زمان لای منداڵ بخەنەڕوو:

1. هەموو منداڵانی جیهان لە ماوەیەکی دیاریکراودا زمانی دایک فێر دەبن، وێڕای ئەوە کۆمەڵگە و ژینگەکانیان جیاوازن.
2. پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان گەشەی ئەندامانی ئاخاوتن و قۆناغەکانی زمان وەرگرتنی منداڵدا هەیە، هیچ منداڵێک نییە لە جیهاندا بە سەر یەکێک لەو قۆناغانەدا باز بدات، بەڵکوو دەبێت هەنگاو بە هەنگاو پرۆسەکە ڕوو بدات، وەکو قۆناغەکانی هەڵسوکەوت لای منداڵ جموجوڵی لە خۆوە، بە مەبەست، دانیشتن، گاگۆڵکێ، هەوڵدان بۆ هەستان و بەشتومەکدا هەڵزنان پێگرتن و ڕۆیشتن.
3. توانستی زمان بۆ ماوەییە و لای هەموو منداڵانی جیهان بوونی هەیە. بەبەڵگەی ئەوەی قوناغەکانی پێش فێربوونی زمانی دایک، لە گریان و گڕوگاڵ و دروستکردنی هەندێ برگە، تا فێربوونی یەکەم وشەی زمانی دایک، لەنێو منداڵاندا گشتی و جیهانین.


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

4. ئەو زانیارییە زمانیانەی، یا کەرەسە سەرەتاییەکانی زمان، کە منداڵ لە کۆمەڵ دەوروبەرەوە وەریاندەگرێت ڕستە و دەربڕین وەهایان لێ دروست دەکات، بە هیچ شێوەیک پێشتر نەیبیستووە. ئەمە واتای ئەوەیە دەزگایەکی زمانی پێشووەخت ئامادەکراو بۆ ڕێکخستنیان هەیە، نەک فێربوون بە لاسایی کردنەوە.
5. وەرگرتن و فێربوونی زمان تایبەتە بە مرۆڤ. ناتوانرێت هیچ ئاژەڵێکی تر فێر بکرێت، ئەگەر زمان تەنها ڕەفتارێکی دەرەکی بووایە، بەم شێوە نەدەبو، وەکو ڕەوشتییەکان بڕوایان وا بوو.
6. فێربوونی زمان بەهۆش و و ئاستی زیرەکی منداڵەوە نەبەستراوەتەوە، چونکە زۆر منداڵ هەن، کە لەم بارانەش بێبەشن، کەچی بە جوانی زمانی دایکییان وەردەگرن. ئەم بۆچوونە زمان بەکارهێنان ناگرێتەوە، چونکە منداڵی هۆش تەواو و هۆش ناتەواوەکان وەک یەک زمان بەکار ناهێنن لە ژیانی ڕۆژانەدا.) (عبدولوەهاب، عەدنان عەبدوڵلا: ٢٠١٥: ٦١-٦٢).

لەکاتێکدا "تیۆری زگماکیی چوارچێوەیەکی بەهێز بۆ تێگەیشتن لە لایەنە زگماکییەکانی فێربوونی زمان دەڕەخسێنێت، بەڵام بەهۆی گرنگیدانی سنوردار بە ڕۆڵی هۆکارە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەتەوە. ڕەخنەگران دەڵێن، تیۆرییەکە بە تەواوی گرنگیی نادات بە گۆڕانکاری لە فێربوونی زماندا لە سەرانسەری کولتوورە جیاوازەکان و ئەزموونە تاکەکەسییەکاندا."(Tomasello, etal:2003:848)، لەئەنجامدا تیۆرییە بەدیلەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم سنووردارکردنانە سەریان هەڵداوە. بە پێچەوانەی تیۆری زگماکی، تیۆری فێربوون جەخت لەسەر ڕۆڵی هۆکارە ژینگەییەکان دەکاتەوە لە بەدەستهێنانی زماندا. بەپێی تیۆری فێربوون، منداڵان بە لاساییکردنەوەی قسەکردنی کەسانی دیکە و بەهێزکردنی ئەرێنی بۆ بەکارهێنانی دروستی زمان، فێری زمان دەبن.

(Skinner) پێیوایە، کە لاساییکردنەوە ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە فێربوونی زماندا، بەڵام لایەنە داهێنەر و دروستکەرەکانی بەکارهێنانی زمان بە تەواوی ڕوون ناکەنەوە، کە ناوەندی تیۆری زگماکیی چۆمسکین. تیۆری کارلێککردن/ئاوێتەبوون(Interactionist theory) دیدێکی یەکگرتووتر پێشکەش دەکات بە ئاوێتەکردنی توخمەکانی هەردوو تیۆری زگماکیی و فێربوون. ئەم ڕێبازە جەخت لەسەر ڕۆڵی کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە لە فێربوونی زماندا. پێشنیاری ئەوە دەکات،

کە منداڵان لە ڕێگەی پەیوەندییەکی مانادار لەگەڵ دایباب و ئەوانی دیکە لە ژینگەکەیاندا زمان فێردەبن." (Vygotsky: 1978: 42)، تیۆری کۆمەڵایەتی و کلتووری ڤیگۆتسکی (sociocultural theory) پێیوایە، کە فێربوونی زمان پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە لە ڕێگەی ئاوێتەبوون لەگەڵ کەسانی دیکەی ئاستبەرزتر ڕوودەدات. بەپێی ئەم تیۆرییە منداڵان فێری زمان دەبن بە بەشداریکردن لە چالاکییە هاوبەشەکان لەگەڵ چاودێران و هاوتەمەنەکانیان، کە شێوازی قسەکردن دابین دەکەن و فێربوونی زمانەکەیان پەرەپێدەدەن. (ڤیگۆتسکی)، ئەم کارلێکە یارمەتی منداڵان دەدات پێکهاتە زمانەوانییەکان بخەنە ناو پەرەپێدانی لێهاتوویی پەیوەندیکردنەوە. هەروەها "فێربوونی زمان لە منداڵاندا لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە ڕوودەدات، هەریەکەیان بەشدارن لە لایەنە جیاوازەکانی گەشەسەندنی زمانەوانییان. شێوازە سەرەتاییەکان بریتین لە بەدەستهێنانی سروشتی، لاساییکردنەوە و بەهێزکردن، کارلێککردن و پەیوەندیکردن، پەروەردەی فەرمی و بەدەستهێنانی جووت زمان یان فرە زمان."( Clark: 2015: 317 )

فێربوونی زمانی بە شێوەی سروشتی (Natural language acquisition) لە ڕێگەی تێکەڵبوون لە ژینگەیەکی دەوڵەمەند بە زماندا ڕوودەدات، کە منداڵان لە بارودۆخی ڕۆژانەدا بەبێ فێرکردنی فەرمی ڕووبەڕووی زمان دەبنەوە. ئەم پرۆسەیە شێوازی سەرەکی فێربوونی زمانی یەکەمە (L1). لە فێربوونی سروشتیدا، منداڵان لە ڕێگەی بەرکەوتن بە ژینگەی زمانەوانی خۆیانەوە بە شێوەیەکی چڕ فێری شێوازەکانی زمان و وشەسازی و ڕێزمان دەبن. ئەم پرۆسەیە بریتییە لە بەرکەوتنی ئەرێنی لەگەڵ زماندا، ڕێگە بە منداڵان دەدات پێکهاتە زمانەوانییەکان و بەکارهێنانیان بەبێ فێرکردن هەڵبگرن. فێربوون بە ڕێگای سروشتی ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی کارلێکگەراییە، جەخت لەسەر ڕۆڵی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی لە گەشەپێدانی زماندا دەکاتەوە.

### 1/1) قوناغەکانی زمانپژاندن:

منداڵ بە چەند قوناغێکدا تێدەپەڕێت بۆ ئەوەی زمانی بپژێت، (بۆ ئەوەی ئۆرگانەکانی تایبەت بە ئاخاوتنی پێبگەن و گەشە بکەن، قوناغەکان ئەو ماوەیە دەگرێتەوە، کە لە ساتی لەدایکبونەوە دەستپێدەکات تا قوناغی چوونە قوتابخانە، سەرجەم بۆچوونەکان لەسەر ماوەی قوناغەکان بەو واتایە دێت، کە منداڵ توانای وەرگرتنی سەرجەم بونیادی زمانی هەبێت، ئامانج لەزمانپژان ئەوەیە منداڵ ببێتە قسەکەرێک لە کۆمەڵگادا بە بەکارهێنانی زمان لە دەورووبەردا.) (خەلیل، ناهیدە ڕەحمان : ٢٠١٣: ٤٣)، هەروەها (پرۆسەی زمانپژانی منداڵ پاش لەدایکبوونی تا تەمەنی پێنج

ساڵی دەخایەنێت، زۆرگرنگە لەم قوناغەدا هەستیارانە مامەڵەی لە گەڵدا بکەین تا فێری زمانێکی پاراو و دروست ببن.) (فەقێ ئەمین، هەوار عومەر: ٢٠١٥: ٥٦-٥٧)

بەگشتی قوناغەکانی زمانپژاندن دەکرێن بە دوو بەشەوە: (قوناغی پێش زمانی، قوناغی زمانی).

### 1-1/1) قوناغی پێش زمانی:

قۆناغی پێش فێربوونی زمان لە لەدایکبوونەوە تا نزیکەی دوانزە مانگ ڕوودەدات، سەرەتای زمانپژان و گەشەکردنی زمانە. "قوناغی گریان و گروگاڵە، منداڵ چەند مانگێک خەریکی گریان و گروگاڵ ئەبێ و شان بەشانی پێکەنین تا بەتەواوی کەرەسەکانی زمان و مەلاشۆ ڕادێن و مەشق ئەدرێن و گەشە دەکەن. ئاشکرایە گریان یەکەم دەنگی منداڵە دوای لەدایکبوونی." (شریف ،عبدولستار تاهیر: ١٩٨٦: ١٠٠)، واتا منداڵ تا ئەندامەکانی ئاخاوتنی گەشەنەکەن ناتوانێت وشەی دەربڕێت. گریان شێوازی سەرەکی پەیوەندیکردنی کۆرپەیە لە مانگەکانی سەرەتاییدا، وەک ئامرازێک بۆ پێداویستییەکانی ئەو کارە ڕوودەدات.

#### 1-1-1/1) قوناغی گریان و قیژە Cring & Cooing

منداڵ کاتێک لە دایک دەبێت دەگری، کەواتە "زمانی منداڵ لە لەدایکبوونەوە تا دەربڕینی کەرەسە زمانییەکان، لە چوار شێوازدا دەردەکەێت: قیژە وهاوارو کڕوزانەوە، گڕوگاڵ. لاسایکردنەوەی دەنگەکان، قسەی ڕوون و واتادار." (ئەمین، سەروەت محمد: ٢٠٠٠: ٨٧)، منداڵ دوای لەدایکبوون بە قوناغ گریان و قیژە، گروگاڵ، لاسایکردنەوە، دەربڕینی وشە و ڕستە دەنوێنێت)، لە گەڵ ئەوەشدا سەرەتای گریانی منداڵ (تەنها جێبەجێکردنی ئەرکە فسیۆلۆژییەکانە، پرۆسەیەکی خۆویست نییە، بەڵام دواتر دەگۆڕێت بۆ پرۆسەیەکی خۆویست، لە ژێرکاریگەری داواکارییەکانی وەک ئامرازی گەیاندن لە نێوان ئەو و کەسانی چواردەوریدا بە شێوەیەکی زۆرچالاک بەکاریدەهێنێت. گریانی منداڵ بۆ مەبەستی فێربوونی ئاخاوتن، ڕاهاتن بەو دەنگە بیستراوانەی لە کەسانی دەوروبەرییەوە دەیبیستێت، یارمەتی منداڵ دەدات بۆ چۆنیەتی بەرهەمهێنانی دەنگەزمانییەکان و فێربوونی دەربڕینی وشەکانی، گریان ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە بەهێزکردن و ڕێکخستنی هەناسە و سییەکانی ساواکەدا.) (خەلیل، ناهیدە ڕەحمان : ٢٠١٣: ٤٧-٤٨).

#### 1-1-2/1) قوناغی گڕوگاڵکردن Babbling stage


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

له دوای قۆناغی گریان و قیژەوە منداڵ دەست دەکات بە بەرهەمهێنانی دەنگی گروگاڵ cooing sounds، وەک پێشەکییەک بۆ بەرهەمهێنانی دەنگی وشە کاردەکات. "منداڵ نازانێت قسە چۆن بکات، قسەکردن بەندە بە ژینگە و ئاستی زیرەکی و سەلامەتی ئامێرەکانی بیستنی، کاتی منداڵ لە ساڵی یەکەمی ژیانیدا بە کۆمەڵێک قۆناغی دەنگی جیاوازدا تێدەپەڕێت، کە جیا دەکرێنەوە سەرەتا لە هەڕەمەکییەوە و دروستکردنی دەنگی ناڕێک، کە پەیوەست نین بە مانایەکی دیاریکراوەوە، ئەوا ئەم دەنگانە لە کۆتایی پێنج مانگی یەکەمدا دەست دەکەن بە ڕێکوپێکی و تۆنێکی جیاواز بەدەست دەهێنن و دواتر منداڵەکە مەیلی ئەوەی هەیە هەوڵی لاسایی ئەو وشانە بکات، کە دەیبیستێت بە شێوەیەکی نادروست." (الياسري، عبد زيد عبد الحسين : ١٠٨: بێ ساڵ)، منداڵان لە تەمەنی ٥-٦ مانگیدا گڕوگاڵدەکەن، یان" گروگاڵ Babling زمانێکی جیهانییە، جۆرە دەرچواندنی دەنگێکە، هەموو منداڵانی جیهان وەک یەکن." (شەریف، عبدولستار تاهیر: ١٩٨٦: ١٠١)، (گڕوگاڵیش دوو جۆرە :.

١.گڕوگاڵکردنی سەرەتایی ٢. گڕوگاڵکردنی ئەزموونی

گڕوگاڵکردنی سەرەتایی کۆنسنانتەکان بەشێوەیەکی تێکەڵ و پێکەڵی دەردەبڕێت، چەندین دەنگی جیاواز بەرهەمدەهێنێت، وا دەردەکەوێت کردەیەکی خودی سروشتی بێت هەموو منداڵان تەنانەت منداڵانی نابیستیش گڕوگاڵدەکەن، بەڵام گڕوگاڵکردنی ئەزموونی لە تەمەنی هەشت مانگی منداڵەوە دەست پێدەکات. منداڵ لە نیوە زانینێکی دەنگەکانی زمان نزیکدەبێتەوە، زنجیرەیەک لە ڤاوڵ و کۆنسنانت پێکەوە (دا، با، ما.. )،لە شێوەی یەک برگەیی، پاشان لە زنجیرەیەک بڕگەی یەک لە دوای یەکی دووبارەبووەوەدا (دادادا، ماماما، تاتاتا،...تاد.)دەردەبڕێت بەشێوەیەکی سەرەتایی لاسایی وشەکانی دایکی دەکاتەوە.) (خەلیل، ناهیدە ڕەحمان : ٢٠١٣: ٥٠-٥١).

### (1-2/1) قوناغی زمانیی The linguistic stage

پاش گریان وگڕوگاڵ قوناغێکی نوێ لە تەمەنی منداڵ دەستپێدەکات، ئەویش قوناغی قسەکرن و ئاخاوتنە، منداڵ توانای (تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی) ئەو زمانەی دەبێت، کە لە دەوروبەرییەوە وەریدەگرێت، ئەم قوناغەش دابەش دەبێت بۆ دوو قۆناغی تر، کە بریتیین لە:

#### 1/2-1- 1) قۆناغی لاسایکرنەوەو دووبارەکردنەوە

منداڵ لاسایی ژینگەی دەوروبەرەکەی دەکاتەوە، منداڵ لە لەدایک بوونەوە دەست دەکات بە دەرهێنانی دەنگێک گوزارشت لە پێداویستی و هەستەکانی دەکات، پاشان ئەم شتانە وردە وردە هاوتەریب لەگەڵ گەشەکردنی هەستەکانیدا بۆ تاکە وشە، گەشە دەکەن، وەک (ماما و بابا و تاتا،..." (الياسري ، عبد زيد عبد الحسين : ١٢٥: بێ ساڵ)، لە تەمەنی دە مانگی بەرەوسەرەوە لە هەندێک وشە تێدەگات، هەوڵی لاسایکردنەوەی دەوروبەر دەدات، سەرەتا هەندێک دەربڕاو، کە بڕگەی دەنگی دووبارەکراوەیە، بەرهەمدەهێنێت وەک(تاتا، دادا، ماما، بابا... تاد)، دروستکردنی بڕگە سەرەتایەکە بۆ پێکهێنانی وشە، لەبواری وشەکانی دەوروبەر لە فەرهەنگی مێشکیدا تۆماردەبێت، بەڵام توانای ئاخاوتن و دەربڕینی لە لا دروست نەبووە، بۆیە وەڵامدانەوەکانی بە گوتن نییە، بەڵکو لە ڕێگەی ئاماژەکانی ئەندامەکانی جەستەی دەبێت، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە پرۆسەی تێگەیشتن لای منداڵ پێش بەرهەمهێنانە.)[3]

### 1/2-2-1) قوناغی فێربوونی وشە و دەربڕاو ڕستە

ئەم قوناغەش چەند قوناغێکیتر دەگرێتەوە، یەک وشەیی، دوو وشەیی، دوو وشەی بەرەوژوور.

### 1/2-2-1-١) قوناغی دەربڕینی یەک وشەیی single word/Holophrastic stage

قۆناغی یەک وشەیی (لە نێوان(١٠-١٢) مانگیدا ڕوودەدات، ئەو وشانەی منداڵ سەرەتا فێریان دەبێت ئاماژە نییە بۆ شتێک یان ڕوداوێکی دیاریکراو، بەڵکو ئاماژە بۆ کۆمەڵێک شت، بە هەموو خواردنێک دەڵێت (حەم/ عەم)، بە هەموو کچێک دەڵێت (دیدێ- پور)، بە قوناغی هۆلۆفراستی holophrastic، ناو دەبرێت.) (خەلیل، ناهیدە ڕەحمان: ٢٠١٣: ٥٤-٥٥)

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەێت، هەر منداڵێک بەپێی ژینگەکەی وشەکان فێردەبێت لە (١٢) مانگی بەرەو سەرەوە فێری ئەو وشانە دەبێت، کە پێویستیەتی، ئەگەر بەراوردێک بکەین لە شێوەزاری سلێمانی و هەورامیدا، ئەو وشانەی کە منداڵ لەدوای ساڵەوە لە هەردوو شێوەزارەکەدا فێری دەبێت، وەک: (١)

شێوەزاری سلێمانی شێوەزاری هەورامی

---

[3]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، ناهیدە ڕەحمان. (٢٠١٣: ٥٣)، عەدنان عەبدوڵلا (٧٥:٢٠١٥)

| ___________________ | ___________________ |
| --- | --- |
| 1. ا/ دایە، مەمەکە، بابە | ئەدا، مەمە، تاتا/تاتە |
| ب/ دادە، دیدەکە، بەبە | دیدێ، دید(حەن)، بەبە |
| پ/ حەم | حەم- عەم- چاچی |
| ت/ بلۆین (بڕۆین) | بمێ (بڕۆین) |
| ج/ بڤە، ئاو، تلێ (ترێ) (ترێ) | بڤە – سوسو (دەسوتێم)، ئاوی، گوگو |

لەم وشانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت لە هەردوو شێوەزارەکەدا هاوبەشی و جیاوازی هەیە لە دەربڕینی یەک وشەدا، سەرەتا خاڵی هاوبەش لە هەردوو شێوەزارەکەدا فێری ناوی ئەندامانی خێزان و ئەو وشانەی پێویستییەتی، وەک (مەمە – مەمە، بەبە- بەبە، ئاو- ئاوی)، خاڵی جیاوازیش، لەم وشانەدا دیارە، وەک (٢)

2. ئەڎا – دایک، بابە – تاتا، پور- دای/ دید ، بلۆین – بمێ، ....تاد.

ئەو وشانەی کە لە لایەن منداڵەوە دەردەبڕرێت، لە یەک بزوێن یان زیاتر پێکدێت، منداڵەکەش یەک وشە بەکاردەهێنێت، وەک (تاتا – (بابە)... )، تۆنی دەنگی جیاواز گوزارشت لە شتە جیاوازەکان دەکات لەوانەیە بە شێوەیەکی دیاریکراو ئازار یان ئارەزووی بۆ شتێک هەبێت.) (الیاسري ، عبد زید عبد الحسین: ١١٢: بێ ساڵ)، هەروەها (منداڵ ئەو وشانەی سەرەتا فێریان دەبێت، ئاماژە نییە بۆ شتێکی دیاریکراو، بەڵکو ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک شت، لە شێوەزاری هەورامیدا، بە هەموو ژنێک دەڵێت (ئەڎا) دایە یان دید (پوور) و بە هەموو ئۆتۆمبێلێک دەڵێت (دید (سەیارە)، بە هەموو خواردنێک دەڵێت (حەم یان عەم) ئەمەش لەسەر کۆمەڵێک بنەمای گشتییە و پەیوەستە بە سینتاکس و واتا لە قوناغەکانی سەرەتای زمانپێژاندندا، کە بە قوناغی گشتوەگیریی ناسراوە. سەرەتا توانای دەربڕینی ڕستەی نییە، ڕستە بە یەک وشە دەردەبڕێت، ئەو وشە زیاتر ناوە، ئاماژەیە بۆ ئەو شتەی، کە داوای دەکات یان سەرنجی ڕاکێشاوە و ئامانجی منداڵەکەیە، بە سەرتۆپ ناو دەنرێت. بەم قوناغە دەوترێت قوناغی وشەی ڕستەیی.) (خەلیل، ناهیدە ڕەحمان: ٢٠١٣: ٥٤-٥٥)، دەربڕینی وشەیەک لە لایەن منداڵەوە، ڕستەیەکی کورتکراوەیە. کەواتە "تاکە وشە بە (سەرتۆپ- Topic) ناودەبرێت، چونکە ئەو قوناغەیە منداڵ تیایدا ساکارانە لەو کەرەستەیە دەدوێت، کە

سەرنجی ڕادەکێشێ، یا جێی گرنگی پێدانییەتی."( قادر، کاروان عومەر: ٢٠٠٨: ١١)، (وشەی یەک ڕستەیی ئاماژەیە بۆ پێداویستییەکانی منداڵ، جەخت لەسەر شتێک دەکاتەوە بە ڕادەیەکی زۆر بەستراوە بە دەوروبەرەوە، وەک(٣، ٤، ٥)

| شێوەزاری سلێمانی | شێوەزاری هەورامی | زمانی مرۆڤی پێگەیشتوو |
| --- | --- | --- |
| 3. بابە | تاتا (باوکە) | من دەچم بۆ لای باوکم. |
| 4. مەمە | مەمە (شیر) | دایکە شیرم بۆ بکە. |
| 5. حەم | حەم/ عەم /چاچی (چێشت) | خواردن دەخۆم (چێشتم بۆ بهێنە) |

لە دەربڕینی وشەی (سەرتۆپ –Topic)دا لە هەردوو شێوەزارەکەدا، خاڵی هاوبەش ئەو وشانەن کە پەیوەندنی بە خێزان یان خواردنەوە،....تاد، هەیە. وشەی هاوبەش لە ڕووی فۆرم و واتاوە (مەمە، حەم) هاوبەشە، وشەی جیاواز لە ڕووی فۆرمەوە (بابە– تاتا،....تاد.)، جیاوازە، بەڵام لە ڕووی واتاوە هەمان واتایە.

**٢/1-2-1 –٢) قۆناغی دەربڕینی دوو وشەیی** Telegraphic Speech Stage

(قۆناغی دوو وشەیی کە بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان (١٨-٢٤)، مانیگدا ڕوودەدات، پێشکەوتنێکی بەرچاو لە گەشەپێدانی زماندا نیشان دەدات. هەندێک ڕاوبۆچوون وایە ئەم قۆناغە(لە دەوروبەری کۆتاییەکانی ساڵی دووەمە، وشەکان بە شێوەیەکی ڕێزمانی ناخاتە پاڵ یەک، چونکە هێشتا دەسەڵاتی بەسەر بەکارهێنانی یاساکانی ڕێزمانی زمانەکەیدا نەشکاوەو ئامرازەکانی پێکەوەبەستن ناناسێتەوەو نازانێت بەکاریانبهێنێت، بە هەمان شێوە کردارو جێناوەکانیش، بۆیە زۆرجار دوو وشەکە بە بێ ئامرازو جێناو ڕیزدەکات، تەنها وەک ڕستەیەکی منداڵانە، ئەو دوو وشە وەک ڕستە بەکاریاندەهێنێت، سەرەتا دوو ناو، پاشان کردارو ناو، ئاوەڵناو و ئاوەڵکرداریش بەکاردەهێنێت.) (عبدولوەهاب، عەدنان عەبدوڵلا: ٧٩-٨٠)، (بە بۆچوونی زۆرێک لە توێژەران ڕستەی دوو وشەیی لە دووجۆر وشە پێکدێت: وشەی کراوە، open ، وشەی سەرەکی pivot بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە لە ژمارەیەک ڕستەدا، وشە

کراوەکان، کۆمەڵەیەکی فراوان و کراوەیە لە وشە، پێکهاتەی ڕستەی دوو وشەیی لە شێوەزاری سلێمانی و هەورامیدا بەم جۆرەیە: ١/ وشەی سەرەکی + وشەی کراوە، وەک (٦، ٧، ٨)

| شێوەزاری سلێمانی | شێوەزاری هەورامی |
| --- | --- |
| ٦. دایە حەم (دایە خواردن دەخۆم.) | ئەیا حەم (عەم) ( دایە خواردن دەخۆم.) |
| ٧. دایە لالی (دایە دەخەوم.) | ئەیا لالا/ ئەیا الله(دایە دەخەوم.) |
| ٨. دایە بلۆین (دایە بڕۆین.) | ئەیا بمێ (دایە بڕۆین.) |

لە هەردوو شێوەزارەکەدا، وشەی سەرەکی (دایە– ئەیا)، بە نەگۆڕی ماوەتەوە، بەڵام فۆرمەکەیان جیاوازە، واتا وەکیەکە. هەرچەندە بە هۆی کاریگەری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاوە لە جیاتی (دایە/ ئەیا)، مامی بەکاردەهێنن، بەڵام وشە کراوەکان گۆڕاون، (لالی/ لالا، بلۆین– بمێ) لە هەردووکیاندا لە فۆرم و واتادا نزیکن. هەروەها لە نمونەکانی خوارەوەدا پێکهاتەی دوو وشەکە بەم شێوەیە:

وشەی کراوە + وشەی سەرەکی، وەک (٩، ١٠، ١١)

| شێوەزاری سلێمانی | شێوەزاری هەورامی |
| --- | --- |
| ٩. چەچەکە پیتە (دەستم پیسە.) | چەچە پیتا (دەستم پیسە) |
| ١٠. مەمە پیتە. (مەمەکە پیسە) | مەمە پیتا (مەمەکە پیسە) |
| ١١. بەعەکە پیتە (مانگاکە پیسە) | بەعەکێ پیتا (مانگاکە پیسە) |

لە هەردوو شێوەزارەکەدا وشەی کراوە(چەچەکە، مەمە، بەعەکە)یە، وشەی سەرەکی (پیت)ە، لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، هاوبەشی لە نێوان هەردوو زارەکەدا لە دەربڕینی دوو وشەدا زۆرە. "ڕستەی دوو وشەی منداڵ، هەندێکجار(ڕستەیەکی ڕێزماندروستە)، ستریز ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە ڕستە ناوەڕۆکەکەی، واتا ئایا ڕستەکە هەواڵییە/ پرسیاری/ سەرسوڕمان. (خەلیل، ناهیدە ڕەحمان: ٢٠١٣:٥٨)، وەک (١٢، ١٣، ١٤)

| شێوەی سلێمانی | واتاکەی |
|---|---|
| ١٢. هۆسە / یەمی (خۆشە)، یەعە | ئەو شتە/ شەربەتە خۆشە!، یەعا! |
| ١٣. (pro ) هەبوو | تەلەفزیۆنەکە هەڵبوو. |
| ١٤. (pro ) هەبوو؟ | ئایا تەلەفزیۆنەکە هەڵبوو؟ |

لە شێوەزاری هەورامیدا، وەک (١٥، ١٦، ١٧)

| شێوەی هەورامی | واتاکەی |
|---|---|
| ١٥. وەچا/ وەشا | خواردنە / شەربەتە خۆشە. |
| ١٦. (pro ) مەییا (شکا . | شوشەکە/ شتە شکا. |
| ١٧. (pro )مەییا ؟ | شوشەکە شکا؟ |

نموونەی (١٦، ١٧) لە ڕێگەی دەربڕینەوە دەزانین هەواڵییە یان پرسیاری، خاڵی هاوبەشی هەردوو شێوەزارەکە ئەوەیە بۆ وشەی سەرسوڕمان لە شێوەزاری سلێمانی (هۆسە/ ۆشە/ یەمی)دەردەبڕن، بەڵام لە شێوەزاری هەورامیدا (وەچا/ وەشا) دەردەبڕن، فۆرم جیاوازە لە شێوەزارەکاندا، بەڵام واتایان یەکە، لەگەڵ ئەوەشدا لەم سەردەمەدا بەهۆی کاریگەری زمانی ئینگلیزییەوە وشەی (یەمی)یش بەکاردێت.

### 1/2-2-1- 3) قوناغی دوو وشەیی بەرەو ژوور pri Telegraphic Speech Stage

ئەم قۆناغە پێشکەوتنێکی بەرچاوە لە گەشەکردنی زماندا، چونکە منداڵان دەست دەکەن بە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی پێکهاتەی ڕستەی ئاڵۆزتر، چونکە زیادبوونی توانا مەعریفیەکانی منداڵان وایان لێدەکات کار بە فۆرمی زمانەوانی ئاڵۆزتر بکەن و ڕستەی نوێ بەرهەمبهێنن. منداڵ لە دوای تەمەنی دووساڵی بۆ سەرەوە، گەشەیەکی نوێ لە دەربڕینەکانیدا بەدیدەکرێت، لە ڕووی فراوانبوونی فەرهەنگی وشەیی و ڕێکخستنی ڕێزمانیدا، قوناغەکانی وشە ورستە و ئاخاوتنی تەلەگرافی، تێگەیشتن لە واتاکەیان لە لایەن کەسانی پێگەیشتووەوە بەڕادەیەکی زۆر پشت بەو دەوروبەرە دەبەستێت، کە ئاخاوتنەکەی تیادا ئەنجامدراوە. هەروەها منداڵ " لە تەمەنی پێنجساڵیدا کردەیی زمانپێژانی کامڵ و پڕاوپڕدەبێت و پێکهاتەی فەرهەنگی ئاوەزیی دەخەمڵێت." (حسین، شیلان عومەر: ٢٠٢١: ٢٦٢)، سەبارەت بە فێربوونی ڕستە لای منداڵ سەرەتا فێری

ڕستەی هەواڵییدەبێت، دواتر ڕستەی پرسیاری، ڕستەی ئەرێ پێش ڕستەی نەرێ فێردەبێت، سەبارەت بە جێناوەکانیش سەرەتا بە هەڵە بەکاریان دێنێت/ جێکەوتەکانیان دەگۆڕێت[4]. وەک، (١٨، ١٩، ٢٠)

شێوەزاری سلێمانی ———————— شێوەزاری هەورامی ————————

| شێوەزاری سلێمانی | شێوەزاری هەورامی |
| --- | --- |
| ١٨. خۆتی (ئەو شتە هی خۆمە) | ویمی/ وێتی( ئەو شتە هی منە.) |
| ١٩. کتێبەکە دڵا (کتێبەکە دڕا) | تێبەکە دییا. (کتێبەکە دڕا.) |
| ٢٠. کالەبا نیە (کارەبا نییە.) | کابا نیا. (کارەبا نییە ) |

خاڵی هاوبەش لە نێوان هەردوو شێوەزارەکەدا، جێناوەکان دەگۆڕێت، خاڵی جیاواز لەهەردوکیاندا دەربڕینی فۆنەتیکی جیاوازە. لەگەڵ ئەوەشدا "لەزمانپژانەوە بۆ قسەکردنی تەواو گەشتێکی سەرنجڕاکێشی گەشەسەندنی مرۆڤە. قسەکردن قۆناغێکی سەرەتایی و جەوهەرییە لە بەدەستهێنانی زماندا، کە گواستنەوە لە تەنیا تاقیکردنەوەی دەنگییەوە بۆ پەیوەندییەکی مانادار دیاری دەکات. ئەم قۆناغە تەنها پێشەنگێک نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکی بنەڕەتی گەشەسەندنی زمانە. بە پشکنینی زمانپژان و پێشکەوتنی فێربوون، تێگەیشتنێک بەدەست دەهێنین، کە چۆن زمان بە شێوەیەکی سروشتی و لە ڕێگەی پەروەردەی فەرمیەوە بەدەست دەهێنرێت." (Oller: 1988: 451 )، ئەم قۆناغە لەهەموو کلتوورەکاندا گشتگیرە، ئەمەش لایەنێکی زگماکی گەشەسەندنی زمان پێشنیار دەکات. دوور لە قۆناغێکی هەڕەمەکی، زمانپژان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دانانی بنەما بۆ شارەزایی زمانی فراوانتر لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەندا، هەروەها "ژینگەی بیستن کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر قسەکردن و گەشەکردنی زمان هەیە. ئەو منداڵە ساوایانەی کە بەرکەوتەی زانیاری زمانەوانی جۆراوجۆرن، خواستیان هەیە کۆمەڵێک دەنگ بەرهەم بهێنن، کە ڕەنگدانەوەی ژینگەی زمانەوانی خۆیانبن." ( Kuhl: 2004:836)، ئەم پرۆسەیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە چۆن بەرکەوتنی پێشینەیی لەگەڵ زمان پەرەسەندنی هۆشیاری فۆنێتیک و نەخشە دەنگییە تایبەتەکانی زمان ڕێکدەخات. ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی منداڵی ساوا لە فۆڕمی گواستنەوە لە قسەکردنەوە بۆ بەکارهێنانی زمانی تەواو، ئاوێتەبوونێکی بنەڕەتییە لە پرۆسەی فێربوونی زماندا. ئاوێتەبوون و تێکەڵیی کۆمەڵایەتی ئەو چوارچێوەیە ڕێکدەخات، کە تێیدا منداڵی ساوا

[4] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( ناهیدە ڕەحمان خەلیل : ٢٠١٣: ٥٦-٥٩)


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

فێردەبێت دەنگەکان بە شێوەیەکی مانادار بەکاربهێنێت و دەنگدانەوەکان بە شتەکان، کردارەکان، یان ڕووداوەکانەوە ببەستێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا "توێژەران پێیان وایە دایبابەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بەهێزکردنی گەشەکردنی زمان لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی قسەی منداڵان بەسەرنج و هاندان."( Goldstein & Schwade: 2008:518)، واتا دایک وباوک ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەگەشەکردن و بەهێزکردنی زمانی منداڵەکانیان، لەڕێگەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان بە سەرنج و هاندان. یان ئامرازێکی سەرەکی لەگەشەکردنی زمانی سەرەتاییدا "قسەکردن بە ئاراستەی منداڵ" Children Direct Speech (CDS)"، زۆرجار بە قسەی "دایکانە/ نازی دایکانە" یان "قسەی باوکانە/ نازی باوکانە" ناودەبرێت. ئەم شێوازە ئاسانکراوەی قسەکردنە، کە بە دەنگی بەرزتر، خێرایی خاوتر و زیادەڕەوی لە قسەکردندا تایبەتمەندە، تایبەتمەندییە فۆنێتیکییەکانی زمان زیاتر بۆ منداڵی ساوا دەخاتەڕوو، منداڵی ساوا پەسەندکردنی CDS لە چاو قسەکردنی ئاراستەکراوی گەورەکاندا نیشان دەدات و منداڵەکە ڕەچاوی ئەوە دەکات، کە سەرنجیان ڕابکێشێت و پشتگیری لە فێربوونی زمان بکات." ( Kuhl ,et al: 1997:686)، واتا قسەکردن بە ئاراستەی منداڵ، شێوازی قسەکردنەکە بەرز یان خێرا، هێواش....تاد. تایبەتمەندییە فۆنێتیکیەکانی زمان بۆ منداڵ دەخاتەڕوو. منداڵەکە ڕەچاوی ئەوە دەکات سەرنجیان ڕابکێشێت وپشتگیری لە فێربوونی زمان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا " ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی گرنگە بۆ گەشەی منداڵ، ئەو منداڵەی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی نەبێت، گەشەی سست و دواکەوتوو دەبێت" (محمد صالح، ئاوات احمد: ٢٠٢٤: ١٣٤)، هەروەها "بەڕێوەچوونی بەریەککەوتنەکان، لەوانەش نۆرەگرتن بۆ قسەکردن و سەرنجی هاوبەش، زیاتر پەرەپێدانی زمان لای منداڵی ساوا ئاساندەکات. منداڵی ساوا فێری پێشبینیکردن و بەشداریکردن لە ئاڵوگۆڕی گفتوگۆدا دەکات، ئەمەش یارمەتیان دەدات لە لایەنە پراگماتیکییەکانی (واتاییەکانی) بەکارهێنانی زمان تێبگەن. ئەم مامەڵانە بەشێکی دانەبڕاون لە بونیاتنانی بناغەیەک بۆ کارامەیی زمانەوانی ئاڵۆزتر." (Tamis- LeMonda, et al: 2004: 1809 )، لە بەڕێوەچوونی بەریەککەوتنەکاندا وەک نۆرەگرتن بۆ قسەکردن و بەشداری لە ئاڵوگۆڕکردنی گفتوگۆدا یارمەتیان دەدات لە لایەنە (پراگماتیکییەکان)، کە بەکارهێنانی زمانە تێبگەن، کە ئەم مامەڵانە بەشێکی دانەبڕاون بۆ بناغەیەکی لێهاتووی زمانەوانی ئاڵۆزتر، هەروەها "لەگەڵ گەشەی منداڵان لە دەرەوەی قۆناغی قسەکردن، فێربوونی زمانیان لە ڕێگەی ئاوێتەبوون لەگەڵ سروشت و دەوروبەر، کارلێککردن و پەروەردە فراوانتر دەبێت. فێربوونی زمانی یەکەم

لە ڕێگەی ئاوێتەبوون لە ژینگەیەکی دەوڵەمەند بە زماندا ڕوودەدات، بە شێوەیەکی گشتی بەبێ فێرکاری فەرمی. ڕوانگە تیۆریەکانی وەک (UG) چۆمسکی پێشنیاری ئەوە دەکەن، کە مرۆڤ بە توانستێکی زگماکییەوە لەدایک دەبێت بۆ فێربوونی زمان، کە بەهۆی بەرکەوتن بە زانیارییەکانی زمانەوانی چالاک دەبێت." (Chomsky: 2006:162).

قۆناغەکانی وەرگرتن و فێربوونی زمانی یەکەم (L1) گەشەکردنی فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، ڕستەسازی و پراگماتیک لەخۆدەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا "گەشەسەندنی فۆنۆلۆژی بریتییە لە بەدەستهێنانی سیستەمی دەنگی زمانێک. منداڵی ساوا لە قسەکردنەوە بەرەو بەرهەمهێنانی وشەی ناسراو پێشدەکەوێت، لەکاتێکدا توانای بەرهەمهێنان و هەستکردنیان بە فۆنیمەکان دەپاڵێون. توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەم گەشەکردنە لە ژێر کاریگەری هەردوو میکانیزمی مەعریفی زگماکی و بەرکەوتنی زمانەوانیدایە." (Jusczyk: 2000:177)، کەواتە فۆنۆلۆژی وەرگرتنی سیستەمی زمانێک، منداڵی ساوا لە قسەکردنەوە بەرەو بەرهەمهێنانی وشەی ناسراو لە ژێر کاریگەری میکانیزمی مەعریفی و زگماکی و بەرکەوتنی زمانەوانیدا گەشە دەکات. هەروەها "گەشەسەندنی مۆرفۆلۆژی پەیوەندی بە پێکهاتەی وشەکانەوە هەیە، لە کاتێکدا گەشەکردنی ڕستەسازی پێکهاتەی ڕستە دەگرێتەوە. لەگەڵ فێربوونی منداڵان بۆ تێکەڵکردنی وشەکان بۆ ڕستە، یاساکان ڕێکدەخرێن، کە بەڕێوەبردنی وشە و بنیاتنانی ڕستە بەڕێوەدەبەن. ئەم پرۆسەیە ڕەنگدانەوەی بەدەستهێنانی لەسەرخۆی پێکهاتەی زمانەوانی ئاڵۆزترە". (Pinker :1994 :95)، گەشە کردنی مۆرفۆلۆژی پێکهاتەی وشەیە، گەشەکردنی ڕستەسازی پێکهاتەی ڕستە دەگرێتەوە لەگەڵ فێربوونی منداڵان بە تێکەڵکردنی وشەکان بۆڕستە، یاساکان ڕێکدەخرێت.

"هەرچی فێربوونی زمانی دووەمە کاتێک ڕوودەدات، کە تاکەکان دوای بەدەستهێنانی زمانی یەکەمیان زمانێکی زیادە فێربن، بە پێچەوانەی بەدەستهێنانی زمانی یەکەمەوە L1، فێربوونی زمانی دووەم L2 زۆرجار تێکەڵەیەک لە پرۆسەی ئاگایانە و نائاگایانە لەخۆدەگرێت، بەتایبەتی کاتێک لە قۆناغی دواتردا لە ژیانیاندا فێردەبن. گریمانەی قۆناغی گرنگ پێشنیاری ئەوە دەکات، کە بۆمنداڵ قۆناغی بنەڕەتی بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت بۆ فێربوونی زمان، ئەمەش وایکردووە فێربوون و وەرگرتنی زمانی دووەم L2 بۆ فێرخوازانی بەتەمەن زیاتر ئاڵۆز

بێت.( Lenneberg:1971: 27)، بڕ و جۆری زانیارییەکانی زمانەوانی و ئاوێتەبوونی لەگەڵ قسەی ڕۆژانە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر فێربوونی زمانی دووەم L2 هەیە.

"گریمانەی (Input)، کە لەلایەن کراشن (1985) پێشنیار کراوە، جەخت لەسەر گرنگی ئاستی تێگەیشتن دەکاتەوە- وەرگرتنی زمان، کە کەمێک لە سەرووی ئاستی لێهاتوویی ئێستای فێرخوازەوەیە. ئەم گریمانەیە جەخت لەسەر پێویستی زانیارییەکی واتادار و دەوڵەمەند لە ڕووی ژینگەوە دەکاتەوە بۆ ئاسانکاری فێربوونی زمانی دووەم. هەروەها پاڵنەر و هەڵوێستەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە فێربوونی زمانی دووەم L2، توێژینەوەکان دەریانخستووە، کە ئەو فێرخوازانەی کە پاڵنەرێکی زۆریان هەیە و هەڵوێستی ئەرێنییان هەیە بەرامبەر بە زمان و کلتوری زمانە دووەمەکە، ئەگەری ئەوە زیاترە ئاستی لێهاتوویی بەرزتر لە فێربوونی ئەو زمانەدا بەدەستبهێنن." (Gardner: 1985:287)، ئەم گریمانەیە جەخت دەکاتەوە سەر پێویستی زانیاریەکی واتادار لە ڕووی ژینگەوە بۆ ئاسانکاری فێربوونی زمانی دووەم، هەروەها ئەو پاڵنەرو هەڵوێستەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. هەروەها "لە ژینگە دوو زمانە و فرە زمانەکاندا، زۆرجار منداڵان لە لەدایکبوونەوە چەندین زمان فێردەبن. توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە منداڵانی جووت زمانە دەتوانن لە یەک کاتدا دوو زمان یان زیاتر فێربن بەبێ دواکەوتنی بەرچاو لە گەشەی هزری و گشتی زماندا." (Grosjean: 2010: 137)، کەواتە "منداڵانی دوو زمانە زۆرجار بەشداری گۆڕینی کۆدی زمانیی دەکەن، کە پراکتیزەکردنی گۆڕینی زمانەکانە لەناو گفتوگۆیەکدا، گۆڕینی کۆد لایەنێکی سروشتی گەشەسەندنی زمانی جووت زمانەیە و ڕەنگدانەوەی گەمە ئاڵۆزەکانی نێوان چەندین سیستەمی زمانەوانییە." ( MacSwan : 2000:41)، واتە منداڵ ئاسایی لە کاتی قسەکردنی بە زمانی دووەم، کاتێک کە پێویستی بێت بۆ بەردەوامی پەیوەندییەکەی زمانی دایک بەکاردەهێنێت. هەروەها "کۆزمانەوانی کارلێکیش هانی توێژەران دەدات کە لە وردەکارییەکانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بکۆڵنەوە" (احمد، محمد حسین: ٢٠٢٤: ١٣٦٦)، واتە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر لێکۆڵینەوەی وردەکاری کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە.

سەبارەت بەم توێژینەوەیە منداڵان بە فێربوونی نائاگایانە لە خێزانە جووت زارەکاندا، فێری هەردووشێوەزارەکە دەبن، ئەگەرباوکی سەر بە شێوەزاری سلێمانی بێت، دایکی سەر بە شێوەزاری هەورامی بێت، لەماڵەوە لەگەڵ باوکی بە شێوەزاری سلێمانی لە گەڵ دایکی بە شێوەزاری هەورامی قسەدەکەن، بۆ نموونە خوشکەزایەکم

خێزانی جووتزارە، دەڵێت: کوڕەکەم یان کچەکەم بە ناوی (محمد و نما) ،هەر کاتێک تینوویان بێت، بە باوکی دەڵێت (ئاو)، بە (من)یش دەڵێت(ئاوی)، بەباوکی (باوکە)، بەدایکی (ئەڎا)، کاتێک لەگەڵ هەریەکێکماندا قسەدەکەن کۆد ئاڵوگۆڕدەکەن. واتە "ناوەکان مۆرفیمی دۆخ وەردەگرن"[5] هەروەها "جووت زمانەوان پەیوەست بووە بە سوودە مەعریفیەکانەوە، لەوانەش بەرزبوونەوەی ئەرکی جێبەجێکردن و ئاگایی زمانەوانیی. زۆرجار ئاخێوەرانی جووت زمانە باشتربوونی ئاستی کۆزانیی، زیادبوونی توانای تێگەیشتن و بەکارهێنانی زمان لە چوارچێوەی جیاوازدا نیشان دەدەن." (Bialystok:2011: 237)، واتا جووت زمانەوان پەیوەست بووە بە ئاگایی زمانەوانی، قسەکەری جووت زمان، بە هۆی زیادبوونی توانای تێگەیشتن و بەکارهێنانی زمان لە چوارچێوەی جیاوازدا نیشان دەدەن.

"پەروەردەی زمانەوانی گرنگی زیاتر دەردەکەوێت لەگەڵ گەورەبوونی تەمەنی منداڵان، بەتایبەتی بۆ فێرخوازانی زمانی دووەم L2. شێوازە پەروەردەییەکان لەڕێبازەکانی.(Grammar-Translation)ەوە، پەرەیان سەندووە بۆشێوازەکانی پەیوەندیکردن و ئەرک لەسەر بنەمایەک، کە جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمانی دووەم بە ڕێگایەکی ڕاستەقینە دەکەنەوە." ( Richards & Rodgers: 2014: 56)، شێوازی( Grammar-Translation )، کە یەکێکە لە ڕێگا سەرەتاییەکانی فێرکردنی زمان، سەرنج دەخاتە سەر فێرکاری ڕوون لە یاساکانی ڕێزمان و مەشقەکانی وەرگێڕان. لە کاتێکدا ئەم شێوازە ڕەخنەی زۆری لێگیراوە بەهۆی جەختکردنەوە لەسەر لێهاتوویی پەیوەندیکردن و مامۆستا سەنتەریی، بەڵام لە هەندێک چوارچێوەی پەروەردەییدا، پەیوەندیدار دەمێنێتەوە.

"تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیا لە پەروەردەی زماندا دەرفەتی نوێی بۆ ئەزموونی فێربوونی زمانی دووەم (جووتزمانە)ی ڕەخساندووە. ئامرازە دیجیتاڵییەکان و پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان دەستڕاگەیشتن بە کۆمەڵێک سەرچاوەی زمانی بەرفراوان پێشکەش بە فێرخوازان دەکەن، لەوانەش ڕاهێنانی ئاوێتەبوونی زمانەوانی، ناوەڕۆکی ماڵتیمیدیا (دەزگاکانی راگەیاندن) و ژینگەکانی ڕاهێنانی فێربوونی زمان."ە ( Chapelle & Sauro: 2017: 562)، کەواتە ئامرازە دیجیتاڵییەکان و پلاتفۆرمە ئۆنلاین سەرچاوەی باش بە فێرخوازان دەکەن بۆ فێربوونی زمانی دووەم، قسەکردنی منداڵ بە ڕستەی تەواو قۆناغێکی سەرەکییە لە گەشەسەندنی زمانی سەرەتاییدا، کە بناغە بۆ

[5]– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( مۆرفیمەکانی دۆخ لە شێوەزاری سەروو و شوەزاری هەورامیدا: ٢٠٢٣: ٣٩٧-٤٠٩) .

فێربوونی زمانی دادەنێت. لەگەڵ ئەوەشدا تەکنەلۆژیا لە پەروەردەی زمانیدا، کاریگەری گەورەی لەسەر فێربوونی شێوەزاری دووەم هەیە،لەگەڵ ئەوەشدا (لە پرۆسەی فێربوونی زاری دووەمدا هەڵەی فێربوونی فێرخواز بەردەوامی هەیەو کۆتایی نایەت،) (فرەج، شاخەوان جلال و عبدالرحمن، آسۆکەریم: ٢٠٢٠: ٤١)، لەبەرئەوەی هەر زارێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەم توێژینەوەیەدا کە کاری لەسەر دەکەین، ئەو خێزانانەی جووت شێوەزارن، منداڵەکانیان لە کاتێکدا سەیری تەلەفزیۆن و ئایپاد، ....دەکەن، هەندێک لە بابەتەکان بە شێوەزاری سلێمانی نوسراون، سەیری هەندێک بابەتی تر دەکەن، کە بە زمانی ئینگلیزیە، عەرەبییە، ....تاد، بۆیە زیاتر کاریگەری شێوەزارەکە یان زمانەکانی تریان لەسەرە.

لە ڕێگەی ئاوێتەبوون و بەرکەوتن بە ژینگەیەکی دەوڵەمەند بە زمان، منداڵ لە قسەکردنی پچڕپچڕەوە بەرەو قسەکردنی تەواو و فێربوونی زمانی یەکەمیان پێشدەکەوێت. لەگەڵ بەردەوامبوونی فێربوونی زمان بە درێژایی تەمەنی، پرۆسەی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، لە بەدەستهێنانی نائاگایانە لە منداڵی سەرەتاییەوە تا فێربوونی ئاگایانە و فەرمیتر لە ناوەندە پەروەردەییەکان. تێگەیشتن لە قۆناغ و شێوازەکانی فێربوونی زمان- لە قسەی سەرەتاییەوە تا جووت زمانەوانی- ئەو هۆکارانەی، کە کاریگەرییان لەسەرە، بۆ نموونە: ئەگەر منداڵێک لە خێزانێکدا بێت ژمارەی ئەندامانی خێزانەکە زۆربێت، منداڵەکە باشترو زووتر فێری زمان دەبێت، بەڵام ئەگەر ژمارەی ئەندامەکانی خێزان کەم بێت، ئەوا منداڵی دووەم لە یەکەم باشتر فێری قسەکردن دەبێت .

**٢) زمانوەرگرتن و چۆنییەتی فێرکردنی** زمانی:

وەرگرتنی زمان لای منداڵ پرۆسەیەکی گرنگە. دەکرێت بڵێین لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی بە زمانوەرگرتنەوە دەستپێدەکات، چونکە (پرۆسەی زمان وەرگرتن بە لای زمانەوانەکانەوە بابەتێکی گرنگی زانستی زمانە، لە توێژینەوە نوێ و زانستییەکانی زماندا بە هەند وەرگیراوەو وەردەگیرێت، بە تایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیست بە دواوە بە تایبەتییش پەنجاکانی ئەم سەدەیە، کە ململانی بۆچوونەکانی (چۆمسکی و سکینەر) و نووسەرانی تر بواری کارەکەیان تاوتوێکرد. ئەمەش لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان، کە تا ئێستاش لە بواری زمان وەرگرتنی منداڵدا جێگەی گرنگی پێدانێکی زۆرن هەر تیۆرێکیش ڕوانگە و بنەما و بەڵگە و ئەزموونی خۆی بۆ شیکردنەوەی دیاردەکە هەیە، بێگومان هەموو تیۆرەکان بە تەواوی پێچەوانەی یەکتر

نین لە هەندێ شتی بەڵگە نەویست و سەلمێنراودا یەک دەگرنەوە وەک هێڵە گشتییەکان بەڵام لە کێشە ئاڵۆز و ورد و قووڵەکاندا جیادەبنەوە.) (عەبدولوەهاب، عەدنان عەبدوڵڵا: ٢٠١٥: ٤٠)، هەروەها "زمان تەنها کەرەسەی فێرکردن نییە، بەڵکو بەشێکە لە شوناسی تاک" (قازی، سەعد عبدولرەزاق:٢٠٢١: ٨٢٣)، لەگەڵ ئەوەشدا "فێربوونی زمان یەکێکە لە بوارە گرنگەکانی فێربوون لە پەروەردەی منداڵاندا، واتە فێربوونی نیشانەو نیشادانی دەنگی یان وێنەی بینراو یاخود نوسراو، وە زمانی زارەکی لە گەڵ واتاکانیان لە شێوەی دروستکردنی ڕستەدا بۆ مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی، کە بە سێ قوناغ لەگەڵ دەرکەوتنی سێ جۆر توانا لە منداڵاندا دەردەکەوێت:

- توانای هەستکردن و تێگەیشتنی وشەکانی کەسی بەرانبەر، واتە منداڵ دەتوانێت وشەکان یان کۆدەکانی زمان دەستنیشان بکات.
- توانای دەربڕین و بیرکردنەوەو مەبەست و پێداویستییەکانی بە دروستکردنی ڕستە، ئەمەش مانای ئەوەیە منداڵەکە، جگە لە وشە بەکاریان دەهێنێت بۆ دەستنیشانکردنی کۆدی زمانی.
- توانای هەڵگرتن و هێشتنەوەی کۆمەڵێک وشە لەگەڵ واتاکانیان و ڕێساکانیان. (تقی پور، همکاران : ١٤٠٠: ١٨٧)، واتا فێربوونی زمان ئەوەیە منداڵ توانای هەستکردن و تێگەیشتنی وشەکانی هەبێت، یان کەرەسە زمانییەکان دەستنیشان بکات، بە دروستکردنی ڕستە، مەبەست و پێداویستیەکانی دەربڕێت، لە گەڵ ئەوەشدا توانای هەڵگرتن و هێشتنەوەی کۆمەڵێک وشە لە گەڵ واتاو یاساکانیان.

بۆ نموونە: ئەو خێزانانەی لە پارێزگای هەڵەبجە سەنتەری پارێزگا یان (دەڤەری هەورامان) یان لەسلێمانی نیشتەجێن، منداڵەکانیان لەماڵەوە بە هەورامی قسە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانیان دەکەن، کاتێک دەچنە قوتابخانە لە لایەن مامۆستاکانیانەوە بە تێپەڕبوونی قۆناغەکانی خوێندن فێری شێوەزاری سلێمانی دەبن، توێژەریش کە سەر بە شێوەزارەکەیە لە قوناغی یەکەمی سەرەتایەوە لە قوتابخانەی تەوێڵە خوێندومە، لە ماڵەوە بە شێوەزاری هەورامی لەگەڵ خێزانەکەم گفتوگۆمان کردووە، لە قوتابخانە هەموو وانەکانمان بە شێوەزاری سلێمانی خوێندووە بە پێی قوناغ فێری شێوەزاری سلێمانی بووین، لەو سەردەمەی ئێمەوە تا ئێستاش فێرخوازان لەوشوێنانە لە قوتابخانە وانەکانیان بە شێوەزاری سلێمانی دەخوێنن و دەنوسن و گوێدەگرن و گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستاکانیان دەکەن، کە هەر چوار لێهاتووەکەی فێربوونی زمان دەگرێتەوە، لە

وانەکانیاندا جێبەجێیدەکەن، لە تاقیکردنەوەشدا بەو شێوەزارە وەڵام دەدەنەوە، بۆیە تا ڕادەیەک شێوەزاری سلێمانی فێردەبن.

نموونەی/ هەندێک وشەی فێرخوازانی قوتابخانەی سەرگەتی بنەرەتی بە شێوەزاری هەورامی ئەو وشانەمان لێپرسین، لە پۆلی دووەم و پێنجەم و شەشەم بەو شێوەی خوارەوە وەڵامیان دایەوە، وەک (٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤)

| ناوی خوێندکار | قوناغ | وشەی هەورامی | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|
| ٢١. ئەحمەد کامل محمد | شەشەم | ئارۆ، وێرەگا، بەر، شێڵانێ، ساوی | ئەمڕۆ، ئێوارە،.... ،.....، سێو |
| ٢٢. شارۆ زوبێر عوسمان | دووەم | ئارۆ، مرۆێ، وێرەگا، شێڵانێ، بەر | سبەی،....،......،.......،.......... |
| ٢٣. ئاریان محمد علی | پێنجەم | ئارۆ، دەگا، هیز، تفی، شێڵانێ | ئەمڕۆ،گوند، دوێنێ، ....، .... |
| ٢٤.شاهین بیلال سەعید | شەشەم | ئارۆ، مروێ، بەر، وێرەگا، تفی | ئەمڕۆ، هەرمێ، ....،ئێوارە،..... |

بەپێی قوناغ وەڵامەکان جیاوازە، لەبەر ئەوەی لەماڵەوە لە ژینگەی دەرەوەی پۆل بە هەورامی گفتوگۆ دەکەن، بە پێی قوناغ شێوەزاری سلێمانی فێردەبن.

### ١/١-٢-١) ستراتیژی فێربوونی زمان

جێبەجێکردنی ستراتیژیەکانی فێربوونی زمان کاریگەری ئەرێنی لەسەر فێرخواز دروست دەکەن، (ڕۆبن) یەکێکە لە توێژەرانی ئەم بوارە دەڵێت: زمان وەک تەکنیک یان ئامێرێک، کە فێرخواز دەتوانێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بەکاری بهێنێت. ئۆکسفۆردیش لە ساڵی (١٩٨٩) پێناسەی ستراتیژییەکانی فێربوون کردووە، بریتین لە ڕەفتار یان کردارێک، فێرخواز بۆ ئەوەی زیاتر مەیلی هەبێت زمان بەکاربهێنن. لەگەڵ


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

ئەوەشدا ستراتیژییەکانی فێربوونی زمان لەلایەن زۆرێک لە زانایانەوە پۆلێنکراون، بەگوتەی(ڕوبن)، سێ جۆر ستراتیژی دیاری کردووە، کە فێرخوازان بەکاری دەهێنن، کە ڕاستەوخۆ بەشداری دەکەن یان ناڕاستەوخۆ بۆ فێربوونی زمان، پۆلێنکردنی ستراتیژییەکانی فێربوونی زمان بەپێی پێناسەی ئۆکسفۆرد وانەوتنەوە ستراتیژییەکان دەتوانرێت بۆ سێ پۆلی گشتی پۆلێن بکرێن:

1. ستراتیژییەکانی میتاکۆگنیتیڤ، ستراتیژییەکانی مەعریفی و کۆمەڵایەتی/ ستراتیژییەکانی سۆزداری، ستراتیژییەکانی فێربوونی زمان، کە ڕاستەوخۆ زمانی ئامانج دەگرێتەوە پێی دەوترێت ستراتیژی ڕاستەوخۆ. ئەم ستراتیژیانە بریتین لە (بیرەوەری، مەعریفی و قەرەبووکردنەوە.)※Masoud Gholamali Lavasaniª ، (Fereshteh Faryadres، 2011، 192)، "ستراتیژییەکانی ڕاستەوخۆ بریتین لە پرۆسێسکردنی دەروونی زمان. لە لایەکی ترەوە ستراتیژییە ناڕاستەوخۆکان بریتین لە، ستراتیژییەکانی (سۆزداری و کۆمەڵایەتی) ئەوان پشتگیری ناڕاستەوخۆ پێشکەش دەکەن بۆ فێربوونی زمان لە ڕێگەی تەرکیزکردن و پلاندانانەوە. هەڵسەنگاندن، گەڕان بەدوای دەرفەتدا، کۆنترۆڵکردنی دڵەڕاوکێ، زیادکردنی هاوکاری و هاوسۆزی و ئامرازەکانی تر." (ئۆکسفۆرد :١٩٩٠: ١٥١)، ستراتیژیش دوو جۆرە: ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەپێی ئۆکسفۆرد ستراتیژە ڕاستەوخۆکان، بۆ تەکنیکەکانی بیرەوەری بەکاردەهێنرێن بۆ هەڵگرتن و وەرگرتنەوەی زانیاری تازە. بنەمای ستراتیژەکانی بیرەوەری مانایە. هەر هەنگاوێک کە خوێندکار دەینێت پێویستی بە مانای کەسی هەیە بۆی بۆ ئەوەی تەکنیکەکانی بیرەوەری کاریگەر بن. پێداچوونەوەی ورد، بەکارهێنانی دەنگ و بینراو و پەیوەندی دەروونی. هەر کۆمەڵێک ڕێباز یان ستراتیژی تایبەتی خۆی هەیە، کە یارمەتی فێرخوازانی زمان دەدات بۆ فێربوونی زمانەکە بە شێوەیەکی کاریگەرتر. زۆربەی بەکارهێنەرانی تەکنیکەکانی یادگە، تەکنیکەکانی بیرەوەری زیاتر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی فێربوونی زمانێکدا بەکاردەهێنرێن.

بۆ نموونە: فێرکردنی شێوەزاری سلێمانی لە لایەن منداڵانی شێوەزاری هەورامیەوە، سەرەتا دەبێت، خوێندکار لایەنی دەرونی ئارام بێت، کە پەیوەندی بە ژینگەی ماڵەوە و شوێنی وانە وتنەوەکەوە هەیە بۆ ئەوەی ئاگایی لە وانەکە بێت، مامۆستاش هەر لە قوناغی یەکەمی سەرەتاییەوە بۆ فێرکردنی پیتەکان، بە وێنە پیتەکە یان وشەکە، یان وێنەی ئەو ناوەی پیتەکەیان فێردەکات، یان هێمابۆکراوەکە خۆی بۆنموونە، پیتی /س/، وشەی /سێو/، لەسەر کارتێک بە جوانی نوسراو بێت، چەند کیلۆیەک سێو دابەشی

بکات بەسەریاندا، زۆربەی خوێندکار دووبارەی بکاتەوە بە دەربڕین، بەوجۆرە بۆ پیتەکان، هەموویان لە هەوا لەسەر تەختە بینوسن. بە ڕێگایەکی نوێی فێربوون پیتەکانیان فێربکات، سەرەتا بە شێوەی چیرۆک بابەتەکەیان بۆ بخاتەڕوو، بۆیان بخوێنێتەوە، لەکاتی خوێندنەوە نوسیندا هەڵەکانی فێرخوازان دیاری بکات، بۆیان ڕاست بکاتەوە، گفتوگۆیان بەو شێوەزارە لەگەڵ بکات، چالاکی بە فێرخوازەکان ئەنجام بدات.

٢.تەکنیکە مەعریفیەکان یەک ئامانجی هاوبەشیان هەیە، کە بریتییە لە دەستکاریکردن یان گۆڕینی زمانی ئامانج. هەرچەندە چەندین شێواز لەم بوارەدا هەیە، بەڵام هەموویان ئامانجیان یارمەتیدانی خوێندکارە بۆ دەستکاریکردنی زمانی ئامانج، وەک (٢٥)

٢٥. هەوڵدەدەم وەک زمانی ئینگلیزی ڕەسەن قسە بکەم، وێناکردنی ستراتیژییەکی مەعریفییە. پراکتیزەکردن، وەرگرتن و ناردنی پەیام، شیکردنەوە. ئامانجەکە ئەوەیە زانیاریەکان بە شێوەیەکی چالاک دەستکاری دەکرێن. ستراتیژی تەکنیکە مەعریفیەکان بۆ فێرخوازانی شێوەزاری هەورامی لە پرۆسەی فێرکردنی شێوەزاری سلێمانی، بۆ نموونە، ئەگەر مامۆستا بابەتی (ئاوەڵناو) لە پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی فێری فێرخوازانی بکات لەسەر واید بۆرد نموونەی ڕستەیان بۆ دەنوسێت، وەک (٢٦، ٢٧، ٢٨)،

٢٦. کۆتری سپی جوانە. ٢٧. منداڵی زیرەک خۆشەویستە.

٢٨. تۆی ژێر سەردەکەویت.

ناساندن بۆ ئاوەڵناو دەکات، وشەیەکە وەسفی ناوێک یان جێناوێک دەکات نموونەکانیان بۆ دەخوێنێتەوە. شیکردنەوە بۆ ڕستەکان دەکات، بەراوردی وشەکان دەکات کامە (ناو، ئاوەڵناوە، کردارە)، هەروەها باسی پەیوەندنی نێوان وشەکان دەکات.

بەهەمان شێوە بۆ فێرخوازانی شێوەزاری سلێمانی لە پرۆسەی فێرکردنی شێوەزاری هەورامیدا، لە زانکۆ لە وانەی زارەکاندا، یان دەورەیەکی فێرکردنی هەورامیدا بۆ نموونە، ئەگەر مامۆستا بابەتی (ئاوەڵناوی چۆنیەتی) یان فێربکات. ناساندنی ئاوەڵناوی چۆنیەتی بۆ فێرخوازەکان دەکات، کە ئەو ئاوەڵناوەیە واتایی چۆنییەتی و خاسیەت و نیشانە ڕادەگەیەنێت. واتای زمانەوانی هاوەڵناوی چۆنیەتی هەمەجۆرە، واتای ڕەنگ نیشان دەدات، وەک (٢٩)

٢٩. زەرد، سور، چەرمە( سپی)، سیاو(ڕەش)، کەوە(شین)، .....هتد. هەروەها واتای خاسیەت نیشان دەدات، وەک (٣٠)

٣٠. تاڵ، توون، تش (ترش)، سۆڵ (سوێر)، شیرین، ....هتد. هەروەها شکڵ و شێوە نیشان دەدات، وەک (٣١)

٣١. خڕ، پان، کوڵ(کورت)، خیش (قەڵەو)،..هتد. هەروەها جۆری سیفەت دەردەبڕێت، وەک (٣٢)

٣٢. ڕەزیل، توورە، زەریف (جوان)، ڕووەش (ڕووخۆش)، .....هتد.

لە ئاوەڵناوی چۆنیەتیدا ئەم تایبەتمەندیە ڕێزمانیانە دەردەکەون:

١/ پلەی بەراورد و باڵا، وەک (٣٣)

٣٣. آ- گۆرە (گەورە) – گۆرەتەر( گەورەتر)، گۆرەتەرین( گەورەترین) ، تاڵ – تاڵتەر(تاڵتر)، تاڵتەرین (تاڵترین)، چەرمە (سپی) – چەرمەتر(سپیتر)، چەرمەتەرین(سپیترین)، .....هتد.

٢/ نیشانەی ناسراوی (-ەکە، ەکێ)، نەناسراوی (یو، یوە)، وەک (٣٤)، لە خستەپاڵی فرێزدا

٣٤. آ- کوڕە گۆرەکە= (کوڕە گەورەکە)، ژەنە عالەکێ(ژنە باشەکە)

ب- کوڕەعالیۆ (کوڕێکی باش)، کناچەعالیۆە (کچێکی باش). ئەو نیشانەی ناسراو نەناسراوی سەر دیارخراوەکە لە خستنەپاڵدا دەچێتە سەر دیارخەرەکە. هەروەها ئاوەڵناوی چۆنیەتی هەمیشە دەبنە دیارخەر بۆ دیارخراوەکە نیشانەی خستنەپاڵ بە پێی دیارخراوەکە دەگۆڕێت، وەک (٣٥)

٣٥. آ- پیای ژیر (پیاوی ژیر)، ژەنێ ژیرە (ژنێ ژیرە)

لە شێوەزاری هەورامیدا وەک شێوەزاری سلێمانی وەسفی ناو دەکات، ئەو وشانەی بۆ ئاوەڵناو بەکاردێن، وەک وشەی فەرهەنگی بەشێکیان هەمان فۆرم و فۆنەتیکیان هەیە، هەندێکی تریان فۆرم و فۆنەتیکیان جیاوازە، وەک (٣٦)

٣٦. آ- وەک یەک(زەرد،سور، تاڵ ، شیرین، خڕ، پان، ڕەزیل، تورە، ......هتد.

ب- جیاواز (چەرمە، سیاو، سۆڵ، تش، کوڵ، ڕووەش، ......هتد.

بابەتی ئاوەڵناو لە فێرکردنی شێوەزاری سلێمانی بەکورتی باسکرا، بەڵام بۆ شێوەی هەورامی بە وردتر، لە بەر ئەوەی ئاستی فێرخوازەکانیان جیاوازە.

٣. ستراتیژی قەرەبووکردنەوە، بەبێ گوێدانە پێشینەی ناتەواوی خوێندکاران لە زمانەکەدا، دامەزراون بۆ پشتگیریکردنیان لە بەکارهێنانی بۆ بەرهەمهێنان و تێگەیشتن. تاکتیکەکانی قەرەبووکردنەوە خزمەت بە ئامانجی قەرەبووکردنەوەی کەمی وشەسازی و خراپی ڕێزمانی دەکەن. یەکێک لە تەکنیکەکانی قەرەبووکردنەوە بریتییە لە "تێگەیشتن لە وشەی ئینگلیزی نامۆ"

بۆ نموونە: ستراتیژی قەرەبووکردنەوەی کەم وکوڕی فێرکردن، تەکنیکەکان: وشەی نامۆ، وەرگێڕان، شیکردنەوەی دەق، ڕاڤەکردنی زاراوە نەناسراوەکان، بەراوردکردنی شێوەزارەکان. قەرەبووکردنەوەی کەموکوڕییە زمانییەکان، شێوازەکان جێبەجێکردن: دیالۆگ و گفتوگۆ، خوێندنەوەی دەقی جۆراو جۆر، گوێگرتن و شیکردنەوە، نوسین و ڕاڤەکردن. نموونە هەندێک وشەی لە بەراوردکردنی شێوەزارەکاندا بۆ نموونە، بۆ فێرخوازانی پۆلی شەشەم بنەرەتی، هەندێک زاراوە، وەک(٣٧)

ناویسیانی

وەرگێڕانی

| خوێندکار | پۆل | بە شێوەزاری هەورامی | بە شێوەزاری سلێمانی |
|---|---|---|---|
| ٣٧. آ- محمد کەمال | شەشەم | ئێوارە، پشیلە، قەیسی، توو، سەگ | وێرەگا،---، ---، تفی، تووتە |
| ب- ژیا منسور حیدەر | شەشەم | --،---، --، تفی، --- | |
| پ-ئاڵێ هونەر | شەشەم | ---، ---، ---، تفی، تووتە | |
| ت- مهناز سلاح | شەشەم | وێرەگا، --،---،تفی،تووتە | |

| خوێندکار | پۆل | زاراوەی بە هەورامی | بەشێوەی سلێمانی |
|---|---|---|---|
| ت- دیما شاهۆ محمد | ٨ | محامی، حاکم، محکمە | هیچیانی نەزانیوە |
| ج- محمد سالم حەسەن | ٨ | --، دادوەر، دادگا | |
| خ- ئارمان فەیرۆز حمەعلی | ٩ | ------- | پارێزەر، دادوەر، --- |

ئەو خوێندکارە جووتزارانە، دووانیان  دوو وشەیان زانیوە، یەکێکیان نەیزانیوە، بە شێوەزاری سلێمانی.

ئۆکسفۆرد (١٩٩٠) ستراتیژی ناڕاستەوخۆی بە (تاکتیکی سۆزداری، کۆمەڵایەتی و میتاکۆگنیتیڤ) پێناسە کردووە:

1. تەکنیکەکانی میتاکۆگنیتیڤ. بەرزکردنەوەی توانای تێگەیشتنی فێرخواز، یان"ئەو کردارانەی کە لە ئامێرە زانینە تەواوەکان تێدەپەڕن و ڕێگەیەک بۆ فێرخوازان دابین دەکات بۆ هەماهەنگیکردنی پرۆسەی فێربوونی خۆیان، وەک(٣٨)

٣٨. من گرنگی دەدەم کاتێک کەسێک بە شێوەزاری سلێمانی قسە دەکات.

بە پێچەوانەوە ئەگەر فێرخوازەکە شێوەزاری هەورامی زمانی دووەمی بێت، وەک (٣٩)

٣٩. من گرنگی دەدەم کاتێک کەسێک بە شێوەزاری هەورامی قسەدەکات.

وێناکردنێکە بۆ (ستراتیژییەکی میتاکۆگنیتیڤ.) کە بەسەر سێ کۆمەڵدا دابەش دەکرێن:

آ- فێربوونی ناوەند، کە یارمەتی فێرخوازان دەدات سەرنجیان لەسەر چالاکی زمانییە، یان کارامەییەکانی تایبەت بێت. وەک، دەستنیشانکردنی بیرۆکەی سەرەکییەکان، تێبینیکردنی وشە نوێیەکان، گوێگرتنی چالاک. لەو بابەتەی دەیخوێنن. واتە کاتێک خوێندکارێکی شێوەزاری هەورامی لە پۆلی یەکەمی بنەرەتیدا لە وانەی ئەلفبێ لە لایەن مامۆستاوە فێری پیتی (س) دەکرێت، لە ڕێگەی وشەی (سێو)، خوێندکارەکە لە ڕێگەی هەستەکانیەوە سەرنجی وشە بدات، لە شێوەی، ڕەنگی، تامی....هتد

ب- ڕێکخستن و پلاندانان بۆ فێربوون، کە یارمەتی فێرخوازان دەدات، بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین سوود لە وزە و هەوڵەکانیان وەربگرن، وەک، دیایکردنی ئامانج(درێژخایەن، کورتخایەن)، ئامادەکردنی شوێن و کەرەسەسەرچاوە فێرکارییەکان، ژینگەی خوێندن، ڕێکخستنی کات خشتەی هەفتە، کاتی تایبەت بۆ هەر بابەتێک، ئامانج و ڕێکخستنی کات دەبێتە هۆی سەرکەوتن لە فێربووندا.

پ- هەڵسەنگاندنی فێربوون، کە یارمەتی فێرخوازان دەدات لە پرسەکانی، وەک چاودێریکردنی هەڵە و هەڵسەنگاندن بۆ پێشکەوتن. وەک، هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرت، تاقیکردنەوەکان، ... واتە هەڵسەنگاندن خاڵێکی ئەرێنیە بۆ بابەتەکان بکرێت لە فێربوونی زماندا.

2. تاکتیکی خاڵی بەریەککەوتن (Touchpoint) : فێرکردنی زانیاری نوێ و بەرەوپێشبردنی خوێندکارە، ئاماژە بە پاڵنەر و بەها و هەڵوێست و هەستەکانی خوێندکاران دەکات. بەکارهێنەرانی شارەزا لە زمان زۆرجار خاوەنی خۆکۆنترۆڵکردنی سۆزداری و هەڵوێستی ئەرێنی فێربوونن. ستراتیژییەکانی سۆزداری، کۆمەڵەشتێکی، وەک(٤٠)

٤٠. آ- من پاڵ بە خۆمەوە دەنێم بۆ ئەوەی بە شێوەزاری سلێمانی قسە بکەم.

ب- من پاڵ بە خۆمەوە دەنێم بۆ ئەوەی بە شێوەزاری هەورامی قسە بکەم.

تەنانەت کاتێک دەمارگیرم لە هەڵەکردن.

3. تاکتیکی کۆمەڵایەتی: بەرزکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، مامەڵە لەگەڵ کارلێکی فێرخوازان لەگەڵ قسەکەرانی زمانی ئامانج دەکات، وەک (٤١)

٤١. آ- هەوڵدەدەم فێری کلتوورەکانی شێوەزاری سلێمانی ببم.

ب- هەوڵدەدەم فێری کلتوورەکانی شێوەزاری هەورامی ببم. (وێناکردنی ستراتیژییەکی کۆمەڵایەتییە.)

ڕاوبۆچوونی توێژەر لەگەڵ تەکنیکەکانی میتاکۆگنەتیڤدایە، لەبەر ئەوەی ستراتیژی میتاکۆگنەتیڤ کە دابەش دەبێت بەسەر سێ کۆمەڵەدا، لە فێربوونی ناوەندا یارمەتی فێرخوازان دەدات لە ڕێگەی هەستەکانیەوە سەرنجیان لەسەر بابەتەکانی زمانی بدەن، دیارە ئەو بابەتە کە باس دەکرێت، فێرخواز لە ڕێگەی هەستی بینینەوە سەرنجی بابەتەکە دەدات، لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە گوێی لێدەگرێت، لە ڕێگەی ڕێکخستنی کات و پلاندانانەوە زۆرترین سود لە وزەو هەوڵەکانی وەردەگرێت، هەروەها ژینەگەی شوێنی وانەکە کاریگەری لەسەر دەرونی خوێندکار دەکات، هەروەها مامۆستا گفتوگۆ لەگەڵ فێرخوازەکاندا بکات، هەڵسەنگاندن بۆ بابەتی فێربوونەکە بکرێت خوێندکارباشتر فێردەبێت. ئەگەر فێرکردنی زمانی ئامانج شێوەزاری سلێمانی بوو، پێویستە گەشە بە لێهاتووەکانی بدات. بۆ ئەوەی لە فێربوونەکەدا سەرکەوتووبێت، بەڵام ئەگەر زمانی ئامانج شێوەزاری هەورامی بێت، لەبەر ئەوەی لە قوتابخانە ناخوێندرێت، دەبێت لە


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

ڕێگەی خولێکەوە فێربێت، یان ژینەگەی ماڵەوە بە پێی تیۆری فێربوون لاسایکردنەوە، گفتوگۆکردن لە گەڵیدا، هەروەها ژینەگەی دەرەوە ماڵ هاوڕێکانی بەو شێوەزارە قسەبکەن خاڵێکی ئەرێنی دەبێت بۆ فێربوونی ئەو شێوەزارە.

ئەرکی ڕاهێنەر لە فێرکردنی ستراتیژیدا، مامۆستایان پێویستە ئارەزوو و پاڵنەر و ئارەزووەکانی فێربوونی خوێندکارەکانیان بناسن بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەن لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێربوونی زمان. چ تەکنیکێکی فێربوونی زمان چ ڕەفتاری خوێندکاران لەبەردەستی مامۆستادایە، لە پۆلدا ئەوە پیشان دەدات، کە ئەوان لە ئێستاوە بەکاریدەهێنن. جگە لە بینینی ئەوەی کە لە پۆلدا چۆن هەڵسوکەوتیان کردووە، لە سەرەتای خولێکدا. بۆ نموونە، مامۆستا ئاستی فێرخوازەکانی ناسی بە پێی ئەو ئاستە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکات، هەروەها هاوکاری خوێندکار بێت لە ئامرازەکانی فێرکردن باشتر فێردەبن.

"فێربوونی زمان لە منداڵاندا هاوکێشەیکی ئاڵۆزی نێوان هۆکارە کۆزانیی و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکانە. پرۆسەکە قۆناغی جیاواز دەکرێتەوە، لە قۆناغە سەرەتاییەکانی زمانپژانەوە تا بەکارهێنانی قسە، ڕستە و ڕێزمان و وشەسازی دەگرێتەوە. تیۆرییەکانی فێربوونی زمان هەوڵدەدەن ڕوونی بکەنەوە، کە منداڵان چۆن زمان فێر دەبن، هەریەکەیان دیدێکی ناوازە پێشکەش دەکەن سەبارەت بە مامەڵە لە نێوان توانا زگماکییەکان و کاریگەرییە ژینگەییەکان. تیۆرییە سەرەتاییەکان بریتین لە ڕێبازە ناتیڤیستی زگماکیی (Nativist Theory)، بەپێی تیۆری فێربوون، لاساییکردنەوە و بەهێزکردن میکانیزمێکی چارەنووسسازن لە فێربوونی زماندا. منداڵان بە کۆپیکردنی ئەو وتانەی لە گەورەکان و هاوتەمەنەکانیانەوە دەیبیستن زمان فێردەبن و فیدباک وەردەگرن، کە بەکارهێنانی زمانەکەیان ڕێکدەخات. لاساییکردنەوە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە فێربوونی زماندا، بەو پێیەی منداڵان ئەو شێوازە قسەکردن و وشەسازییە دووبارە دەکەنەوە، کە لە ژینگەکەیاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ئەم پرۆسەیە یارمەتی منداڵان دەدات بۆ بەدەستهێنانی وشە و پێکهاتەی ڕستەی نوێ، ئەمەش بەشدارە لە گەشەکردنی زمانەوانی گشتیی منداڵاندا. ( 112 :Skinner:1957)، ڕاستکردنەوە و بەهێزکردنی ئاستی منداڵ، بریتییە لە ڕاستکردنەوەی ئەرێنی لەسەر بنەمای بەکارهێنانی زمانی منداڵ. بۆ نموونە کاتێک منداڵێک وشەیەک یان دەستەواژەیەک بە دروستی بەکاردەهێنێت، لەوانەیە ستایش یان هاندانی وەربگرێت، ئەمەش بەکارهێنانی دروستی بەهێزتر دەکات. لە کاتێکدا کە لاساییکردنەوە و بەهێزکردن گرنگن، بەڵام بە تەواوی

لایەنە داهێنەرەکانی بەکارهێنانی زمان ناخەنە ڕوو، وەک لە ڕەخنەکانی تیۆری فێربووندا ئاماژەی پێکراوە. ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەدەستهێنانی زماندا، دەرفەت بۆ منداڵان دەڕەخسێنێت بۆ بەکارهێنانی زمان لە چوارچێوەی مانادارردا.

بەپێی تیۆری کارلێککەری ڤیگۆتسکی، فێربوونی زمان پەیوەندییەکی نزیک بە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. بۆ نموونە: سەرەتای فێربوونی زمان لای هەموو منداڵێک لە ناو خێزانەکەیدا بە نائاگایانە فێر دەبێت، لە ڕێگەی تێکەڵی کۆمەڵگاوە باشتر فێردەبێت، بۆ نموونە: دەیان گەنجی ئەم وڵاتە کە چوون بۆ وڵاتانی ئەورووپی لە ڕێگەی تێکەڵ بوونیان لەگەڵ خەڵکی ئەو وڵاتە، پێویستی جێبەجێکردنی کاری ڕۆژانەیان فێری زمانی ئینگلیزی، ئەڵمانی،...بوون.

تیۆری کارلێککەرایی جەخت لەسەر ڕۆڵی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە فێربوونی زماندا دەکاتەوە. منداڵان لە ڕێگەی پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان زمان بەدەستدەهێنن، کە مۆدێلی قسەکردن دابین دەکەن و بەشداری لە گفتوگۆکاندا دەکەن کە توانا زمانەوانییەکانی منداڵ بەرهەڵستی دەکەن و فراوانتری دەکەن. ئەم پرۆسەیە یارمەتی منداڵان دەدات بۆ پەرەپێدانی توانای پەیوەندیکردن و کۆزانینیان.

بۆ نموونە: کوڕەکانانم بە ناوی (میران، دیلان،...) کە زمانی دایکیان شێوەزاری سلێمانییە، لە تەمەنی (١٥)ساڵی بۆ سەرەوە زیاتر تێکەڵاویان لەگەڵ ئامۆزاو پورزاکانیان کە دایک و باوکی ئەوان سەر بە شێوەزاری هەورامین، زۆر کاریگەری بۆ فێربوونیان هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک خێزان هەن کە جووتزارن، باوک سەربە شێوەزاری هەوراميیە، دایکی سەر بە شێوەزاری سلێمانییە، کەچی منداڵەکانیان تەنها زمانی دایک بەکار دەهێنن، لەگەڵ باوکیشیان بە شێوەزاری سلێمانی قسەدەکەن.

پەروەردەی فەرمی لەگەڵ گەورەبوونی منداڵان گرنگتر دەبێت، بەتایبەتی لە چوارچێوەی فێربوونی زمانی دووەم (L2). فێرکاری زمان لە قوتابخانەکاندا گرنگی بە پەرەپێدانی تواناکان دەدات، وەک خوێندنەوە و نووسین، هەروەها بەرزکردنەوەی توانای قسەکردن و گوێگرتن. بۆ نموونە: فێرخوازانی ناوچەی هەورامان کە لە قوتابخانە بە شێوەزاری سلێمانی دەخوێنن، لێهاتویەکانی (خوێندنەوە و نوسین و گوێگرتن و گفتوگۆ) لەگەڵ مامۆستا و گفتوگۆی ناوپۆل، هەڵسەنگاندن و

تاقیکردنەوەیان بە شێوەزاری سلێمانییە، هەرچەندە لە دەرەوەی پۆل و لە ماڵیشدا بە هەورامی قسەدەکەن، بە تێپەڕبوونی قوناغ بە باشی ئەو شێوەزارە فێردەبن.

"فێرکردنی زمان لە ڕێگەی پەیوەندییەوە (CLT) جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمان دەکاتەوە لە چوارچێوەی ڕەسەن و پەیوەندیداردا. ئەم ڕێبازە سەرنج دەخاتە سەر پەرەپێدانی توانای خوێندکاران بۆ بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی کاریگەر لە دۆخە ڕاستەقینەکانی ژیانی ڕاستەقینەدا، پێشخستنی کارلێککردن و بەکارهێنانی زمانی پراکتیکی." (Richards & Rodgers: 2014:25)، (هەرچی فێرکردنی زمانە لەسەر بنەمای ئەرک،(Task-Based Language Teaching (TBLT) بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو ئەرک و چالاکیانەی کە پێویستە خوێندکاران زمان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە تایبەتەکان بەکاربهێنن. ئەم ڕێبازە جەخت لەسەر پەیوەندییەکی مانادار و چارەسەرکردنی کێشەکان دەکاتەوە، دەرفەت بۆ خوێندکاران دەڕەخسێنێت، کە کارامەییەکانی زمان لە چوارچێوەدا پراکتیزە بکەن. لە ژینگە فرە زمانەکاندا، منداڵان دەتوانن لە یەک کاتدا دوو زمان یان زیاتر فێرببن، پرۆسەیەک کە بە فێربوونی جووت زمانە یان فرە زمان ناسراوە. توێژینەوەکان دەریانخستووە کە منداڵان توانای فێربوونی چەندین زمانیان هەیە بەبێ ئەوەی سەرلێشێواوی و دواکەوتنیان هەبێت. بۆ نموونە: خێزانێکی جووت زمان لە تەوێڵە نیشتەجێن، باوکەکە هەورامی دایکەکە عەرەبە، منداڵەکانیان لەگەڵ دایکی بە زمانی عەرەبی قسەدەکەن، لەگەڵ باوکی بە شێوەزاری هەورامی، لە دەرەوە لەگەڵ کەسێک سەر بە شێوەزاری سلێمانی بێت بەو شێوەیەش قسەدەکەن. هەروەها "جووت زمانەوانی و فرە زمانەوانی پەیوەست بوون بە سوودە مەعریفیەکانەوە، وەک بەرزبوونەوەی ئەرکی جێبەجێکردن و هۆشیاریی زیاتر. منداڵانی جووت زمانە زۆرجار باشتربوونی مەعریفی، توانای چارەسەرکردنی کێشە و کۆنترۆڵکردنی سەرنج نیشان دەدەن."( Bialystok:2011: 261)، ئەم سوودە کۆزانییانە لە ئەنجامی پێویستی بەڕێوەبردن و گۆڕینی کۆدی نێوان چەندین سیستەمی زمانەوانییەوە سەرچاوە دەگرن، لە کاتێکدا کە فێربوونی جووت زمانە و فرە زمان سوودی زۆری هەیە، بەڵام ئاڵەنگارییش دەخاتە ڕوو.

منداڵان لەوانەیە لە هاوسەنگکردنی توانای زمان و بەڕێوەبردنی دەستێوەردانی زمانەوانیدا تووشی کێشە ببن. پێشکەشکردنی پاڵپشتی و پشتگیرییەکی گونجاو لە هەر زمانێکدا بۆ گەشەپێدانی سەرکەوتووی جووت زمانە و فرە زمانی زۆر گرنگە. فێربوونی زمان لە منداڵاندا پرۆسەیەکی فرەلایەنەیە کە لە ژێر کاریگەری هۆکارە


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

بایۆلۆژی و مەعریفی و کۆمەڵایەتییەکاندایە. تیۆرییەکانی بەدەستهێنانی زمان، لەوانەش دیدگای زگماکی، فێربوون و کارلێککردن، ڕوونکردنەوەی جیاواز بۆ چۆنیەتی فێربوونی زمانی منداڵان پێشکەش دەکەن. قۆناغەکانی فێربوونی زمان، لە پەیوەندی پێش زمانەوانییەوە تا ڕستە ئاڵۆزەکان، ڕەنگدانەوەی ڕێڕەوی گەشەسەندنی کارامەیی زمانەوانییە. منداڵان لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە زمان فێردەبن، لەوانە فێربوونی سروشتی، لاساییکردنەوە، کارلێککردن، پەروەردەی فەرمی و ئەزموونی جووت زمانە یان فرە زمانی. تێگەیشتن لەم پرۆسانە زۆر گرنگە بۆ پەروەردەکاران، دایک و باوکان و توێژەران، کە هەوڵی پشتگیریکردن و بەرزکردنەوەی گەشەسەندنی زمان لە منداڵاندا بکەن.

## ئەنجام

1. منداڵی هەموو دونیا دەبێت بە قوناغەکانی زمانپڕاندا تێپەڕێنن، بۆئەوەی زمانی زگماکی وەربگرن.
2. لەئەنجامی بەراوردکردنی هەردوو زارەکەدا، خاڵی هاوبەش، وەک لە ڕەنگدا (سور، زەرد، پەمەیی،... خاڵی جیاواز (چەرمە، سیاو،...)، کردار لەهەردوو زارەکەدا سەرە کۆتایە.
3. شێوەزاری هەورامی تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لە بەشە ئاخاوتنەکاندا ڕەگەزی نێرومێ جیادەکەنەوە.
4. ئەو منداڵانەی کە خێزانەکانیان جووتزارن، لەبەر ئەوەی ژینگەی ماڵەوە و لە قوتابخانەش، بە شێوەی سلێمانی دەخوێنن، فێری شێوەی سلێمانی دەبن، بەڵام شێوەی هەورامییەکە، لەبەرئەوەی بەو زارە لە قوتابخانە ناخوێنرێت تەنها لە ماڵەوە گفتوگۆی پێدەکەن، کەمتر فێردەبن بەراورد بە شێوەی سلێمانییەکە.
5. توانستی زمانی منداڵ لە گەڵ ژینگە پێکەوە تەواوکەری یەکترن بۆ فێربوون و گەشەی زمان.


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

**References:**

Chomsky, N. (2006). *Language and mind.* Cambridge University Press.

Gardner, M. P. (1985). Mood states and consumer behavior: A critical review. *Journal of Consumer Research, 12*(3), 281-300.

Grosjean, F. (2010). Bilingualism, biculturalism, and deafness. *International Journal of Bilingual Education and Bilingualism, 13*(2), 133-145.

Bialystok, E. (2011). Reshaping the mind: The benefits of bilingualism. *Canadian Journal of Experimental Psychology/Revue Canadienne de Psychologie Expérimentale, 65*(4).

Goldstein, M. H., & Schwade, J. A. (2008). Social feedback to infants' babbling facilitates rapid phonological learning. *Psychological Science, 19*(5), 515-523.

Jusczyk, P. W. (2000). In the beginning, was the word…. In *Emerging cognitive abilities in early infancy* (pp. 173-192). Psychology Press.

Kuhl, P. K. (2004). Early language acquisition: Cracking the speech code. *Nature Reviews Neuroscience, 5*(11), 831-843.

Kuhl, P. K., Andruski, J. E., Chistovich, I. A., Chistovich, L. A., Kozhevnikova, E. V., Ryskina, V. L., ... & Lacerda, F. (1997). Cross-language analysis of phonetic units in language addressed to infants. *Science, 277*(5326), 684-686.

Lenneberg, E. H. (1971). Of language knowledge, apes, and brains. *Journal of Psycholinguistic Research, 1*, 1-29.



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

MacSwan, J. (2000). The architecture of the bilingual language faculty: Evidence from intrasentential code-switching. *Bilingualism: Language and Cognition, 3*(1), 37-54.

Tomasello, M. (2003). *Constructing a language: A usage-based theory of language acquisition.* Harvard University Press.

Vygotsky, L. S. (1978). *Mind in society: The development of higher psychological processes.* Harvard University Press.

Chapelle, C. A., & Sauro, S. (2017). *The handbook of technology and second language teaching and learning.* Wiley-Blackwell.

D. Kimbrough Oller and Rebecca E. Eilers Source: Child The Role of Audition in Infant Babbling Authors(s): Development, 1988:

Pinker ،*Journal of Cognitive Neuroscience* (1994) 6 (1): 92–98. Lapre 21 pae yek

Masoud Gholamali Lavasani[a]، Fereshteh Faryadres( 2011)

Clark, E. V., & Casillas, M. (2015). First language acquisition. In The Routledge handbook of linguistics (pp. 311-328). Routledge.

Richards, J. C., & Rodgers, T. S. (2014). Approaches and Methods in Language Teaching (2nd ed.). Cambridge University Press.

Richards & Rodgers (2014), Approaches and methods in language Teaching

Skinner (1957), The role of matic reinforce me in early, language acquisition.

Tamis- lemonda, etal (2004), Fathers and Mothers at play with their 2 -and 3-year olds, contribations and cognitive Development.

Qadr, K.O., 2008. Topicalization in Kurdish Sentence. Sulaimani: Kurology Publisher.

Muhammad, R.A. and Aziz, S.H., 2023. Case Morphemes in the Kurmanji and Hawrami Dialects. Journal of Garmian University, 10(2), pp.397-409.

Faraj, S.J.H. and Karim, A.A., 2020. Linguistic Errors in second language learning through Error Analysis theory: هەڵە زمانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا (لە ڕوانگەی تیۆری شیکاری هەڵەییەوە). Journal of the College of Languages (JCL), (41), pp.199-223.

ا/ بەکوردی:

1. کتێب:

- حسێن، شیلان عومەر (٢٠٢١)، زانستی زمانی کارەکیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی

**2. گۆڤار:**

- فەرەج ،شاخەوان جەلال- محمود، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٣)، ڕێکخستنەوە و چالاککردنەوەی فۆرمە

زمانییەکان لە نێوان پرۆسەکانی بەکارهێنانی زمانی یەکەم و دووهەم، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤٣)

- ئەمین ، سەروەت محەمەد (٢٠٠٠)، گەشەکردنی سیستێمەکانی دەنگ و وشە لە کن زارۆکان، گۆڤاری زانکۆیی سلێمانی، ژمارە ٤
- شەریف، عبدولستار تاهیر شەریف (١٩٨٦) وشە و ڕستە لای مندالّ لە تەمەنی (١-٦) سالان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق" دەستەی کورد" بەرگی چواردەهەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
- قادر، کاروان عومەر (٢٠١٢)، سیستەمی درکپێکردن وەک بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٣٤)
- احمد، محمد حسین (٢٠٢٤)،کۆزمانەوانیی کارلێکی وەک میتۆدێکی شیکردنەوەی گفتوگۆ، گۆڤاری زانکۆیی کەرکوک، ژمارە ٢
- قازی، سەعد عبدولرەزاق (٢٠٢١) پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا،مجله جامعه کرکوک/ للدراسات الانسانیه، العدد ١ ، لسنه 2021

3. **نامەی ئەکادیمی:**

- عەبدولوەهاب، عەدنان عەبدوڵا (٢٠١٥)، وەرگرتنی زمان لای منداڵ، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردیی، فاکەلێتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
- خەلیل، ناهیدە ڕەحمان (٢٠١٣)، زمانپژاندن ودیاردە سایکۆ-فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر،بەشی زمانی کوردی، فاکەلێتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
- فەقێ ئەمین، هەوار عومەر (٢٠١٥)، بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا (خوێندنی زمانی کوردی وەک نمونە)، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، فاکەلێتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

دووەم- سەرچاوە عەرەبییەکان:

- النمو، اللغوي عند الطفل - رؤية تربوية، زيد عبد الحسين الياسري، بدون سنه

سێیەم – سەرچاوە فارسیەکان:

- تقی و همکاران ،زبانآموزی کودکان پیشدبستانی:i (٢٠٢٠)، doi: " 10.30495/jinev.2020.1939897.2559


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS